# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی هەشتەم ژمارە (172) بەرواری 1–8–2024 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعەت

گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل12


بەشی سێهەم...

## وتاری ژمارە

## هۆکارو زەمینەکانی دەستێوەردانی دەرەکی لە هەرێمدا...

**عەبدوڵا مەحمود**

لەشکرکێشی و دەستێوەردان، کردنەوەی بنکەو بارەگا، هێرشی درۆنی و کردەوەی تیرۆریستی لەدژی کادر و لایەنگر و هەڵسوڕاوانی ئۆپۆزیسیۆن، بۆمباباران و هێرش بۆسەر بنکەو بارەگای جێگیری هێزەکانی نیشتەجێی هەرێمی حزب و لایەنە سیاسیەکانی ئۆزیسیۆنی تورکی و ئێرانی...تاد.



لە کوردستانی عیراقدا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، بەڵام لەهەر بڕگەیەکدا دەستێوەردان لە هەرێمی کوردستاندا هۆکارو مەبەستی جیاواز جیاوازی هەبووەو هەیە.

بەدوای جەنگی کەنداو و لەساڵی ١٩٩١ و پاشان کشانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و ئیداری بەعس بەسەر خەڵکی کوردستاندا، بۆشاییەکی سیاسی دروست بوو، لەوکاتە بەدواوە دەستێورەدان و ملهوری نواندنی وڵاتانی ناوچەکە لە هەرێمی کوردستاندا بووە واقعیەتێک. ئەم برگەیە راستەوخۆ بەرهەمی سەرگەردانبوونی کوردستان بوو، واتە دیارنەمانی ناسنامەی حقوقی جوگرافیایی کوردستان بوو لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتییدا. لەم دۆخەدا بەکردەوە کوردستانی عێراق لە عێراق دابڕا، بێئەوەی ناسنامەیەکی تر ببێتە چوارچێوەی ئەم جوگرافیاییە و بۆشایی سیاسی و ئەمنی بووە لایەنیکی سەرەکی دۆخی هەرێم. ئەم دۆخە وایکرد هەر وڵات و دەوڵەتێک بەوجۆرەی دەیویست یان بەدوای هەر بەرژەوەندییەکەوە بوایە بەئاسانی و بێدەردەسەری و بێ هیچ بەرهەڵستی و کارادانەوەیەکی حکومی و یاسایی و نێودەوڵەتی، دەیتوانی سنورەکانی ببەزێنێت و تەراتین لە دۆخی کوردستاندا بکات □ دەتوانیین بڵێین سنورێک نەمابوو. لەو چوارچێوەیەدا دەستێوەردانی بەردەوامی ئیران و تورکیا بووە واقعیەتیکی هەموو ڕۆژە و لەوەش زیاتر دەروازەیەک بۆ هێرشی بەردەوام بۆسەر هەرێم و هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکان. وە کردنەوەی دەیان بنکەو بارەگای سەربازی و هەواڵگری □ تاد، لە ئاکامی ئەم دۆخەدا سەرگەردانی سیاسی کوردستان خۆی زەمینەکانی ناجیگری سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەمنی، گەیاندە ترۆپک. یەکێتی و پارتیش وەکو دوو لایەنی نەیاری یەکتری و لە چوارچیوەی ململانێی دەسەڵاتیاندا بەسەر هەرێمدا بوونە دوو

بۆ لاپەڕە 2

## ئاسایش و هێزە چەکدارەکانی حزبەکانی دەسەڵات، ئاسایشی هاوڵاتیانیان خستۆتە مەترسیەوە!



کوشتنی لاوێکی تر لە ڕاپەرینی شاری سلێمانی" ئاری ڕزگار" بەدەستی چەکدارێکی کۆماندۆ، جارێکی دی پرسی ئاسایشی هاوڵاتیان و شاری وروژاند. ئەوە یەکەم جار نییە هاوڵاتیان لە ژێر دەسەڵاتی پشت ئەستور بە چەک و زۆری حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، گیانیان لێ دەسەنرێتەوە، بەڵکو زوو زوو هەواڵی کوشتنی هاوڵاتیان لەلایەن کەسانی سەر بە ئاسایش، کۆماندۆ، دژە تیرۆر، زێرفانی،

بۆ لاپەڕە 3

## سلێمان ئەحمەد ڕۆژنامەنووس لەلایەن پارتییەوە بەیاسای بەعس ٣ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا!!



سلێمان ئەحمەد کە رۆژنامەنووسەو خەڵکی ناوچەی جندرێسی عەفرینە لە کاتی گەرانەوەی بۆ کوردستانی عیراق دوای پرسەی باوکی، لەلایەن هێزێکی پارتییەوە دەستگیر و بۆ ماوەی چەند رۆژێک بێ سەوروشوێن دەکرێت، بەڵام دوای چەندین رۆژ و لە ژێر گوشاری رای گشتیی و رێکخراوەکانی بەرگریکار لە مافی رۆژنامەنووساندا، ئاسایشی پارتی درەنگانی شەوی ٣٠ی

بۆ لاپەڕە 3

## دیمانەیەکی تایبەت سەبارەت بە هۆکار و ئامانجەکانی هێرشی تورکیا بۆسەر هەرێم ...ل7

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- جینۆسایدی ئیسرائیل درۆکانی ڕۆژئاوا ئاشکرا دەکات........................................ل4
- لە پەراوێزی لێدوانی عەلی حەمە ساڵح دا سەبارەت بە.....................................ل4
- بەرێز بەهار عەلی وەڵامی پرسی رۆژی داوەتەوە...........................................ل5
- لە سێدارەدانی ژنان لە ئێران، کوشتنی بە ئەنقەستە......................................ل6
- چ مەشخەڵێک لە ئایدیا کوژاوەوە،چ دڵێک لە لێدان وەستا................................ل10




## دۆسیەی ژمارە "سەبارەت بەهەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"

بەڕێز عەزیز شەریف وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە ل13


کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8_9

پرسی ڕۆژ ل5

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی وتەی ژمارە

لایەنی وابەستە بەهەرکام لە دەوڵەتەکانی ناوچەکەوە، بەجۆرێک پەیوەندی پارتی و یەکێتی لەگەڵ تورکیاو ئێران، بەهێز تر بوو تا بەغدا. لەوانەش زیاتر پارتی و یەکێتی بۆ وەرگرتنی رەوایەتی دەسەڵاتی حکومیان!! لەلایەن تورکیاوە، شەریان لەدژی هێزەکانی پەکەکە بەناوی حکومەتەوە، و لەژێر پاساوی کەڵک وەرگرتنی پەکەکە لەسنورەکانەوە بۆ لێدان لە تورکیاو ناسەقامگیری سنورەکان دەست بۆ برد و لە سنوری سەوزی یەکێتیش بەجیا لە قوتکردنەوەی دەیان بنکەو بارەگای سەر بە ئیتلاعات، دەستی باندەکانی ئێران ئاوەڵاکراو هاوکاری کرا بۆ تیرۆری سەدان کادر و هەڵسوڕاوی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی.

برگەی دوای روخاندنی رژیمی بەعس و پێکهاتنی حکومەت لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ وە، برگەیەکی ترە کە دۆخی سیاسی عێراق ئاڵوگۆری بەسەدا دێت، لەو نێوەدا ناسنامەی حقوقی خەڵکی کوردستان، وەکو بەشێک لە عێراق، پێناسە دەکرێتەوە و هێزەکانی بۆرژوازی کوردیش، لەو حکومەت و دەسەڵاتەدا بەشدار و بەشیان پێدەبرێت. تەنانەت پارتی و یەکێتی بەکەڵک وەگرتن لە لاوازی حکومەتی عێراق، و ئەزموونێکی دەسەڵاتدارێتی کە لە ساڵی ١٩٩١ وە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هەیانە، لە پێگەیەکی بەهێزەوە دەبنەوە بەشێک لە هێزی پێکهێنەری حکومەت لە ناوەند و زامنکردنی درێژەدان بەدەسەڵاتی خۆشیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا. وەهاوکات بەشیوەی فەرمی و بەکەڵک وەرگرتن لە دەستور، چوارچێوەیەکی یاسایی دەبەخشرێتە دەسەڵاتیان□ واتە بەپێچەوانەی پێشوو کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەهۆی بۆشایی سیاسی و حقوقی و ناسنامەییەوە، بە خۆبەستنەوەیان بە میژووی سیاسی و پرسی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانەوە، خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا دادەسەپێنن و دەسەڵاتیان هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی و یان رەنگدانەوەی هیچ ڕیکەوتنێکی سیاسی لەگەڵ بەغدا نییە، بەڵکو راستەوخۆ بەرهەمی سەرگەردانی و بۆشایی سیاسییە.

هەرەشەکانی ئێران لە ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی و هێرش و هاتنە ناوەوەی ئەمجارەی سوپاسی تورکیا بۆ ناو هەرێم، بە پیچەوانەی جارانی پیشووەو بە هاوئاهەنگی لەگەڵ بەغداو دەسەڵاتی هەرێم و بە گلۆپی سەوزی ئەمریکا، بەرێوەدەچێت...

ئەم برگەیە لەگەڵ ئەوەدا حکومەت لە عێراقدا پێکدێت و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، دەبێتەوە بە بەشێک لەدەسەڵاتی ناوەند و چوارچێوەیەکی یاسایی!! لەژێر ناوی فیدرالیزمی قەومیدا، دەبەخشیتە پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا□ بەڵام لاوازی دەسەڵاتی ناوەند چ لە ئاستی عێراق و ناوچەکدا و چ بەسەر هەرێمی فیدراڵ!! دا، لاوازی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیش لەبەرامبەر بە باڵادەستی و ئێران و تورکیادا، ناتوانێت رێگە لە دەستێوەردانی ئێران و تورکیا بگرێت، لەوەش زیاتر تورکیاو ئێران ئەمجارە بەردەوامیدان بە دەستێوەردانیان لە کوردستانی عێراقدا، بەهۆی سەرگەردانی سیاسی کوردستان و ون بوونی ناسنامەی حقوقییەوە نییە، بەڵکو بەو هۆیەوەیە کە لەلایەکەوە دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر هەرێمدا لاوازو لەلایەکی تریشەوە پارتی و یەکێتی چ بۆ پاراستنی هاوسەنگی هیزیان بەرامبەر بەیەکتری و هەردوولاشیان بۆ راگرتنی باڵانسی دەسەڵاتیان لەگەڵ بەغدا، بەتەواوەتی دەچنە باوەشی تورکیا و ئێرانەوە□ ئاستی داخوازی و مەبەستی دەستێوەردانەکانی ئیران و تورکیاش جیاواز لە کاتەکانی پێشووە. ئەمجارە تورکیا و ئیران بەهۆی سەرگەردانی سیاسی کوردستان و نادیاری ناسنامەی حقوقی کوردستانەوە نییە کە دەستیوەردانی بێمنەتانە بکەن، بەڵکو ناچارن تا رادەیەک ئەوە بە فەرمی بناسن کە حکومەتێک لە بەغدا پێکهاتووەو کورستانیش بەشێک لەو حکومەتەیە، بۆیە دەیانەوێت بەشیوەی داواو مامەڵەی رەسمی پارتی و یەکێتی ناچاری ئەوە بکەن هاوکاریان بن لە لیێدان و سنوردارکردنی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی و تورکی.

برگەی ئێستای دۆخی سیاسی هەرێم و دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکەو لەوانە ئیران و تورکیا، جیاواز لەهەر دوو برگەکانی پێشووە. دەتوانین بڵێین رەوەندی دوای روداوەکانی شەری داعش و ١٦ ئۆکتۆبەر، رەوەندێکی تەواو جیاوازو هاوکات نوێیە. نە دۆخی سەرگەردانی کوردستان و نە بەشداری پارتی و یەکێتی لە حکومەتی مەرگەزی پیکهاتووی دوای روخاندنی دەسەڵاتی بەعسە. تەنانەت ناجگیری سیاسی هۆکاری دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە لەهەرێمدا نییە، بەڵکو دەستێوەردانەکان هۆکارێکە بۆ ناجگیرکردنی زیاتری دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، لەچوارچیوەی رەهەندی خێراکردنەوەی گێرانەوەی باڵادەستی بەغدا بەسەر هەرێمدا، تەنانەت ئاستی هێرشەکانی وڵاتەکان و جۆرەکان و ئاستی داخوازییەکانی تورکیاو ئیران زیاتر بووەو بە پلەی یەکەمیش روویان لەدەسەڵاتی بەغدایە نەک دەسەڵاتی هەرێم.

هێرشەکانی ئەم دوایەی تورکیا و ئیران لە هێرشی درۆنییەوە بۆ موشەکباران و هێرشی زەمینی بۆسەر سنورەکان و تیرۆری بەردەوامی ناوشارەکان و ئاستی داخوازییەکانیان نەک تەنها بۆ چۆلکردنی بنکەو بارەگا چەکدارەکانیان گواستنەوەی بۆ ناو قولایی شارەکان و داسەپاندنی ژیانی کەمپنشینی، بەڵکو داخوازی و گوشارهێنان بۆ حکومەت و دەسەڵاتی ناوەند و هەرێم بە رادەستکردنی دەیان لە سەرکردەو کادری حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان، پێشهاتی تازەو سەرەتای دەورەیەکی نوێیە لە پێشوازی پیشهاتی تازەدا بۆ ئاڵوگۆر لەدۆخی سیاسی هەرێم و رادەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی سیاسیدا.

تورکیاو ئیران وەکو دوو دەوڵەتی باڵادەستی ناوچەیی، ئامانجەکانیان لە درێژەدان بە دەستێوەردانەکانیان لە ئاستی ناوچەکەو بەدیاریکراوی لە عێراقدا بەرادەیەکی زۆر جیاواز لە ئامانجەکانی پیشوویانە و هەلومەرجەکەش تەواو جیاواز لە دۆخی پیشووە.

چ ئیران و چ تورکیا، دەستێوەردانەکانیان لە ئێستادا بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و دەسەڵاتی هەرێمدا دەچێتە پێشەوە، و چوارچێوەیەکی فەرمی بەخشراوە بە دەخالەتیان. بۆ تورکیا بەجیا لەوەی دەیەوێت جەنگی خۆی دژی هیزە نەیارە ئۆپۆزیسیۆنەکانی لەرێگای هاوکاری حکومەتی ناوەند و هەرێمەوە بکات و هاوکات دەیەوێت لە دۆخی ئێستای قوتبیکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندیدا، لەلایەکەوە لەرێگای گوشارەکانیانەوە خەونە سیاسیەکانی لەژێر ناوی بەرگری لە مافی تورکمانەکان، بەدیبهێنێت و لەو نێوەدا داوای دەسەڵاتی سیاسی زۆرتر بۆ تورکمانەکان دەکات، و وەکو بەشیک لە ململانی لەسەر کیشەی کەرکوک خۆی نمایش دەکات، وەبانگەشەی ئەوە بەدەستەوە دەگرێت، کە کەرکوک شارێکی تورکمانی و عەرەبییە، تا پیگەی ناسیونالیزمی کورد، کەمڕەنگ و بێکاریگەر نیشاند بدات. هاوکاتیش دەیەوێت هەژمووونی هەرێم بەسەر دەروازە و ناوچە سنوریەکان بەپاساوی ئەمنی نەهێلێت و سوپای عێراق ئەو ئەرکە بگریتە دەست. لەڕێگای ئەو ئامانجەوە دەیەوێت هێندەی تر دەسەڵاتی هەرێم و قەوارەی سیاسییەکەی بەرەو لاوازی و داڕمان ببات و ئەوەش بەرێگاییەک دەزانێت بۆ دوورخستنەوەی هاوئاهەنگی نێوان بزوتنەوەی کوردایەتی لەنیوان بەشەکانی کوردستان و دورخستنەوەی ئەگەری وەدوورەوەکەوتووی خواستی جیابوونەوە.

بۆ ئێرانیش دەستێوەردان و نەخشەکانی بۆ ئەوەیە باڵادەستی خۆی بهێڵیتەوە. بەجیا لەهەوڵەکانی بۆ بۆ لێدان لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەکی وڵاتەکەی و لەپەل و پۆ خستنی لە دۆخی ئێستادا کە دەرگیری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری شۆرشگێرانە لەناوخۆدایە، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا خوازیاری ئەوەیە دەسەڵات لە عێراقدا ناوەندی بێتەوە، بەڵام بەو مەرجەی بتوانێت شێوازی حکومڕانی تا دەورەیەکی تر بە ئەلگۆی بەش بەشینەی قەومی و تایفی بێت و هەژموونی نیشتیمان!! ی سایە نەکاتە سەر ئەم ئەلگۆیە، کە رەوەندیکی عەرەبی و ناسیونالیستییە، رۆژ بەرۆژ بەهێز دەبێتەوە و عێراق لە باوەشی ئیرانەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دنیای عەرەبی دەباتەوە.

بەکورتی، دۆخی عیراق بە رەوەندێکی تایبەتدا دەروات. رەوەندی گێرانەوەی هەژموونی دەسەڵات بەسەر میلیشیاکان، هێزە لە یاسا دەچووەکان!!، کەمکردنەوەی دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان و قوتبیکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندا. هاوکات گێرانەوەی سەروەری ئەمنی و یاسایی سنورەکانی. وڵاتانی دنیاو ناوچەکەش ناچارن و مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیەدا بکەن و مەرکەز چەقی ئامانج و بنیاتنانەوەی پەیوەندیەکانیانە. هەرەشەکانی ئیران لە ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی و هێرش و هاتنە ناوەوەی ئەمجارەی سوپاسی تورکیا بۆ ناو هەرێم، بە پیچەوانەی جارانی پیشووەو بە هاوئاهەنگی لەگەڵ بەغداو دەسەڵاتی هەرێم و بە گلۆپی سەوزی ئەمریکا، بەرێوەدەچێت...

**کۆتایی تەموزی ٢٠٢٤**

هێرشەکانی ئەم دوایەی تورکیا و ئیران لە هێرشی درۆنییەوە بۆ موشەکباران و هێرشی زەمینی بۆسەر سنورەکان و تیرۆری بەردەوامی ناوشارەکان و ئاستی داخوازییەکانیان نەک تەنها بۆ چۆلکردنی بنکەو بارەگا چەکدارەکانیان گواستنەوەی بۆ ناو قولایی شارەکان و داسەپاندنی ژیانی کەمپنشینی، بەڵکو داخوازی و گوشارهێنان بۆ حکومەت و دەسەڵاتی ناوەند و هەرێم بە رادەستکردنی دەیان لە سەرکردەو کادری حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان، پێشهاتی تازەو سەرەتای دەورەیەکی نوێیە لە پێشوازی پیشهاتی تازەدا بۆ ئاڵوگۆر لەدۆخی سیاسی هەرێم و رادەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی سیاسیدا...

# دریژەی: ئاسایش و هیزە چەکدارەکانی حزبەکانی دەسەلات، ئاسایشی هاولاتیانیان خستۆتە مەترسیەوە!

کورِی بەرپرس... گۆمی هەمیشە جولاوی کۆمەلگە، دەخەنەوە لرفە. کۆمەلگە و هەریمی کوردستان، بەهۆی بوونی دەیان هیزی چەکداری حزبی لەژیر دەیان ناوی جیاوازدا، کە هەر یەکەیان مۆرکی دەسەلاتی زۆنەکانی هەلگرتووە، لەپال هیزی چەکدار و پاسەوانی بەرپرسەکانیان و پاسەوانی مال و بارەگاکانیان و پاسەوانی کەژاوەی بەرپرسە حزبی و بنەمالەیەکان و ماشینە جام رەشەکان و... سیمای کۆمەلگەیان شیواندووە ئارامیان لە هاولاتیان، سەندۆتەوە. چەک و هیزی بەناو ئاسایش بەکردەوە بونەتە هەرەشەیەکی هەمیشە ئامادە بەسەر سەری کۆمەلگەوە. پیشکەوتنی سەیارەی بەرپرس و سەیارەی هیزیکی پاسەوانی پیاوانی حزب... یاساغە و توندوتیژی و تەنانەت دەکریت کوشتن سزاکەی بیت. فول لایت و هەلەی هاولاتیەکی شوفیر، لەلایەن بەرپرسیکی حزبییەوە، دەشیت مەرگ سزاکەی بیت. چ ریگاکان و چ شارەکان و تەنانەت چەندین ناوچە کە کراونەتە پاوانی حزب و بنەمالەکان و مەزارگەی سەرانیان، چەک بەدەستەکانی حزب ئیمتیازیان هەیەو بە مولکی تاپۆکراوی خۆیانی دەزانن و لەوەش زیاتر هاولاتیان پلە لەخوارترن... تەنانەت لەزوربەی شارەکانی کوردستاندا، ناوچەی گرنگ یان گەشتیاری وەکو سەری رەش، دەباشان، دوکان، گردی زەرگەتە... لەلایەن حزب و سەرانیانەوە لە جغرافیای هەریم و هاولاتیان دابرِینراون و کراونەتە مولکی حزب و بنەمالە دەستڕۆشتوەکانی و پیرۆزکراون و بۆ هاولاتیان بوونەتە ناوچەی یاساغکراو و محەرەمە!!... چەک و چەک بەدەست بوون بۆتە ئیمتیاز و کەسانی بێ چەک و هاولاتی، لەلایەن پیاوانی چەکدار و حزبییەوە پیگەیان لەخوار تر تەماشا دەکریت...

ئەو چەکدارەی کەسەر بەدەزگای ئاسایش کۆماندۆ و زیرەڤانی و دژە تیرۆرە، بەرهەم و پەروەردەکراوی ئەو دەزگایانەیە و هەموو ئەو دەزگاو دامەزراوانەش، سەر بەحزب و بۆ حزب و سەر بە بنەمالەی حزب و بالەکانیانن. بەکورتی زوربەی هەرە زۆریان لە بنەرەتدا لە جیگای ئەوەی بۆ پاراستنی هاولاتیان و ئارامیان و بۆ بەرگری لە هیرش و دەستریژی دەرەکی و "دوژمنان"... سازدرابن، بۆ پاراستنی حزب و سەران و بنەمالەکانیان و بەرگری لە بەرژەوەندیەکانیان ریکخراون.

هەر ئەوەی کە ئەو دەزگاو ریکخراوە چەکدار و ئەمنییە رەنگاو رەنگانە، سەرجەمیان سەر بەحزب و سەرانی ئەحزابی دەسەلات بەدەستن، یەک دەزگای ئەمنی و چەکداری سەربەخۆ و بێ لایەن لە حزب و سەرانیان بوونی نییە. بۆیە هیچ هەولیک ناتوانیت یەکیان بخات و بێ لایەنیان بکات، چونکە ریشەی لەوەدایە کە هەرکام لە دەسەلاتی زۆنەکان مانەوەیان بەندە بەو هیزە چەکدارەوە.

ئەوەی هیزی بۆ پاراستنی خۆی و ئاسایشی ژیانی نییە، هیزی بە بەرگری لە مافەکانی نییە، هاولاتیانن. هەرەشەی سەر هاولاتیانیش... هیزی دەرەکی نییە، دوژمنانی!! کورد و ئەزموونی پیرۆزی!! هەریم نین، بەلکو دەسەلاتی بەزۆر داسەپاو میلیشیایی حزبەکانن. هەر ئەوەشە هۆکاری کوشتنی ئاشکرای هاولاتیان و نائارامی و پشیوی شارەکان و سەرانە سەندن و قاچاخچیتی و لەپالیدا نەبوونی یاسا و لیپرسینەوەی یاسایی...تاد.

مەرجی لانی کەمی ئارامی هاولاتیان و شارەکان، بەر لەهەر شتیک داماڵینی حزبە لە چەک و میلیشایی چەکداری و هەلپیچانی سەربازگەو بنکەو بارەگا و چەکداری حزبی و گیرانەوەی دەیان هەزار دۆنم زەوی داگیرکراوە لەلایەن حزبەکانەوە بۆ هاولاتیان و لەجیگایدا پیکهینانی هیزگەلی چەکداری یاسایی و سەراسەری پەروەردەکراوی سەردەمی و بوونی دەسەلاتی دادوەری و یاسا بۆ هەمووانە... پیشمەرجی ئەو کارەش لە گرەوی لابردنی کۆسپەکانی بەردەمیدایە، کۆسپی سەرەکیش دەسەلاتی حزبی و میلیشیاییە. ئاسایشی هاولاتیان و هەریمی کوردستان، بەر لەهەموو شت، قوربانی دەسەلاتی میلیشیایی و هیزە بەناو ئاسایشەکانە، کە هاولاتیان و کۆمەلگەیان لەبەردەم مەترسی هەمیشەییدا، راگرتووە.

*******

# سلیمان ئەحمەدی رۆژنامەنووس لەلایەن پارتییەوە بەیاسای بەعس ٣ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپینرا!!

تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەر ناچاربوو دان بەوەدا بنیت کە ئەو رۆژنامەنووسەیان رفاندووە.

پارتی لە راگەیاندنیکدا هۆکاری رفاندنی ئەو رۆژنامە نووسە دەگیریتەوە بۆ کارکردن بۆ پەکەکە و دەنووسیت:

"پەیوەندی بە کاری رۆژنامەوانییەوە نییە و بۆ کاری نهینی و نایاسایی بۆ پەکەکە هاتوچۆی کردووە" لەسەر ئەو بنەمایەش باسی سزادانی ئەو رۆژنامەنووسە دەکەن. ئاژانسی رۆژ نیوز لەبەرامبەر بەو تۆمەتەی دەزگای ئاسایشی پارتیدا، دەلین کە سلیمان محەمەد رۆژنامەنووس و هەوالسازی بەشی عەرەبی ئاژانسەکەمان بووە و لەگەل ئەوەدا ئیدانەی ئەو مامەلەیەی پارتی دەکەن هاوکات داوای دەست بەجێ ئازادکردنی ناوبراو دەکەن.

٢٩/٧/٢٠٢٤ و دوای راگرتنی بۆماوەی ٢٧٩ رۆژ لە لەلایەن ئاسایشی پارتیەوە، دادگای دهۆک سزای سێ ساڵ زیندانی بەسەر رۆژنامەنووس سلیمان ئەحمەدا دەسەپینیت و ریگای بەشداری کردنی نوینەری یۆنامی لە پرۆسەی دادگایەکەدا نەداوە.

ئەوەی لەم دادگایە و سزایەدا دوبارەو بۆتە مۆد بەدەستی پارتییەوە، سزادانی رۆژنامەنووسانە بە یاساکانی بەعس و پشتکردنە لە یاسای کاری رۆژنامەگەری، یاسای مافی بەدەستهینانی زانیاری...

پارتی بۆ سزادانی نەیارانی خۆی بەتایبەتیش رۆژنامەنووسان، لە جیگای ئەوەی پەنا بەریتە بەر یاسای کاری رۆژنامەگەری، پەنا دەباتە بەر سزای سیاسی و بۆئەم سزایەش مادەی ١٥٦ ی رژیمی بەعسی لە گۆڕنراو و هەموارکراو بەدەستەوە دەگریت.

ئەم مامەلەی پارتی و دەستگرتنی بە یاساکانی بەعس و سزادانی رۆژنامەنووسان بەو ماددە قورسانە، بەر لەوەی لیپیچینەوەی یاسایی بیت، ترساندنی کۆمەلگەو ئازادیخوازییە بۆ بیدەنگکردن و پاشەپیکردن بەو پەراویزە لە ئازادی کە بەرهەمی کەشی نیوەکراوەی کۆمەلگەی کوردستان و راوەستاوی بلۆکی پیشکەوتنخوازی کۆمەلگەیە.

سەپاندنی ٣ ساڵ زیندانی بەسەر رۆژنامەنووس سلیمان ئەحمەد دوای راگرتنی بۆماوەی ٢٧٩ رۆژ لەلایەن ئاسایشەوە، تا دەگاتە شیوازی دەستگیرکردنی کە بەرفاندن دەستی پیکردووە، و لەوەش زیاتر تۆمەت بۆ داتاشینی، هەمان دۆسیەی گیراوەکانی پیشووتری بادینانمان بیردەخاتەوە و وەکو دریژەی هەمان کەیس خۆی دەردەخات.

ئەو رەفتارەی پارتی لەگەل نەیارانی سیاسی و رۆژنامەنووسان مەترسیەکی گەورەیەو نابێ ریگە بدریت بەردەوام بیت، بۆیە پیویستە جاریکی تر بەرەی ئازادیخواز و پیشکەوتنخوازی کۆمەلگە لەپیشیانەوە نووسەر و رۆژنامەنووسانی ئازاد و ئازا، لە ریگای وەریخستنی بزوتنەوەیەکی هەمەلایەنەوە گوشار بخەنە سەر پارتی و دادگا و بۆ چاوخشاندنەوە بەو سزایەو سەرئەنجام ئازاد کردنی.

********

## لە بۆپێشەوەوە


* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس وکۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

- درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
-

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.



# جینۆسایدی ئیسرائیل درۆکانی ڕۆژئاوا ئاشکرا دەکات...

ڕۆژئاوا وەک داکۆکیکارێکی یاسای نێودەوڵەتی و دیموکراسی و دادپەروەری خۆی نیشان دەدات. بەڵام پشتگیریکردنی لە کۆمەڵکوژی ئیسرائیل ئەمە وەک درۆیەکی گەورە ئاشکرا دەکات.

دادگای نێودەوڵەتی هەفتەی ڕابردوو بڕیاریدا کە داگیرکردنی خاکی فەلەستین لەلایەن ئیسرائیلەوە "نایاساییە"، پێشێلکردنی یاساکانی "ئاپارتاید" و یاسا نێودەوڵەتییەکانە.

بەڵام ئەمریکا و ئەوروپا لە پشتگیریکردن – و چەکدارکردنی– ڕژێمی جینۆساید و ئاپارتایدی ئیسرائیل نەوەستاون، ئەمەش دووڕوویییەکی قووڵ نیشان دەدەن.

وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆرجار خۆیان وەک قەڵایەکی گەورەی ئازادی نیشان دەدەن و گوایە لەسەر ئاستی جیهان شەڕ بۆ بەرزڕاگرتنی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە یاسا دەکەن.

بۆ نموونە، سەرۆکی ئەمریکا جۆ بایدن لە لوتکەی نێودەوڵەتی ساڵی ڕابردوودا وتی کە شانازی دەکات "بە بەرگریکردن لەو بەها بنەڕەتیانەی کە هەمووومان هاوبەشین – دادپەروەری، سەروەری یاسا، ئازادی ڕۆژنامەگەری، ئازادی ئایین".

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "هەروەها بنچینەی باوەڕمان پاراستنی مافەکانی مرۆڤە بۆ هەموو تاکێکی جیهان. ئەی مافی فەلەستینیەکان؟ کاتێک ئیسرائیل فەلەستینییەکان دەکوژێت و برسی دەکات، ئەم باوەڕە بنچینەییە لە کوێیە؟

ڕۆژئاوا نەک تەنها پشتگیری مەعنەوی لە ئیسرائیل دەکات، بەڵکو بە ناردنی بڕێکی زۆر چەک و پارە یارمەتی دەدات. "باوەڕی بنچینەیی" بایدن بەتەواوی پوچ دەردەچێ.

هەموو ئەو باسانەی ڕۆژئاوا سەبارەت بە "بەرگریکردن لە دیموکراسی" قسەیەکی پوچە کە بۆ پاساو هێنانەوە بۆ بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازییەکانی بەکاردەهێنرێن.

ڕۆژئاوا بەردەوامە لە پشتیوانیکردنی ئیسرائیل لەبەرئەوەی ئیسرائیل بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا دەکات و پەرەی پێدەدات.



ئەو دووڕووییە کاتێک دەردەکەوێت کە ئەمریکا و ئەوروپا لە کاتێکدا بێدەنگن بەرامبەر بە تاوانەکانی ڕژێمی ئاپارتایدی ئیسرائیل، هێرش دەکەنە سەر ڕووسیا بەهۆی ئەوەی دیکتاتۆرییە یان چین بە تاکڕەو ناودەبەن.

کاتێک ڕۆژئاوای دیموکراسی داخڵی شەڕ دەبن، گوایە ئەمە کارێکی خۆبەخشانە بۆ چاودێریکردنی یاسای نێودەوڵەتیە.

یاسای نێودەوڵەتی تا ڕادەیەکی زۆر داهێنانێکی ڕۆژئاواییە لە خزمەت ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدایە و وەک ئامرازێک بۆ پاساوهێنانەوە بۆ کردەوەکانیان کاردەکات.

ئەم بڕیارەی دادگای نێودەوڵەتی شکستێکی مەعنەوی و ئایدیۆلۆژییە بۆ ئیسرائیل و پشتیوانە ڕۆژئاواییەکانی.

پێویستە لە شەڕی ناچارکردنی حکومەتی پارتی کرێکاران بۆ ڕاگرتنی هەموو چەکێک بۆ ئیسرائیل بەکاری بهێنین. وە پێویستە چالاکوانان ئەو حوکمە بەکاربهێنن بۆ ئاشکراکردنی دووڕوویی ڕۆژئاوا و بەرزکردنەوەی خەبات بۆ ڕزگاری فەلەستین.

**نووسینی: توانا حەمە نوری**

# لە پەراوێزی لێدوانی عەلی حەمە ساڵح دا سەبارەت بە مەترسی نەوەکان...

بەم دوایانە عەلی حەمەساڵح، بڕیاردەری ڕەوتی هەڵوێست لە پەڕەی تایبەتی خۆی لە فەیس بوک لە ژێر تایتلی "سەردەمی تاریکی و تاڵانی" باسی دەسەڵاتی نەوەی سێهەمی بنەماڵەی بارزانی دەکات. کە چاویان بڕیوەتە ملیۆنان دۆلارو پاسەوان و سامانی دونیا، لە ئازاری خەڵک تێناگەن."

لەچوارچێوەی نووسینەکەیدا کە پێدەچێت سەرەتای کەمپەینی پێش وەختەی ڕەوتەکەشی بێت بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان، چەندین دۆسیەی لەسەر سامان و بەهەدەردانی سامانی گشتی لەلایەن نەوەکانی بنەماڵەی بارزانی خستۆتە ڕوو، کە هەموویان ڕاستن و گۆشەیەک لە دزی و تاڵانی و دەسەڵات و نەوەکانیان و مەترسیەکانی داهاتوویان دەخاتە ڕوو.

دیارە ئەوە یەکەم جار نییە چ عەلی حەمە ساڵح و چ کەسانی تری هاوشێوەی بە باخەڵ گەرم و لە پێگەی موچەی چەند ملیۆن دیناری پەرلەمانتاری و پۆستی حکومی یان خانەنشینی ئەو پۆستانە، دۆسیەی دزی و گەندەڵی بەرپرسانی حزبی و حکومی دەخەنەڕوو، ئاماری دزییەکان بە بەڵگە بڵاودەکەنەوە...

ئەوە لە کاتێکدایە کە خستنەڕووی دزی و تاڵانی و کردەوەی سەرکوتگەری یان خۆشخزمەتی ئەو حزب و لایەنانە، هیچ کۆمەک بە ڕاستیە سەلماوە ناکات، کە تێکرای خەڵکی کوردستان دەزانن ئەم دەسەڵاتەو بەرپرسەکانی دزی و گەندەڵ و خۆشخزمەتن... هیچ ئامارێک پێویست نییە... دەزانن زوربەی زۆری ئەوانەی ئێستا لەدەسەڵاتن پێشووتر خاوەنی هیچ نەبوون و ئێستا ملیۆنیر و ملیاردێرن، ئەوەش دەزانن وەچەکانیان بەر لە چاو هەڵێنانیان سەرمایەی خەیاڵی و سەرەوت و سامانی مۆڵیان بۆ ئامادەیەو دەسەڵاتیش لە باوکەوە بۆ کوڕانیان بە میرات بۆ دەمێنێتەوەو تەنانەت ئەگەر بەهۆی شۆڕش یان ئاشبەتاڵیانەوە دەسەڵاتیان لەدەست بچێت، دوبارە سەرمایەی دزی مۆڵکراویان بەشی ژیانی شاهانەی چەندین دەهەیان دەکات و بەخستنە گەری سەرمایەکەیان دەتوانن دوبارەو سەرەوت کەڵەکە بکەن.

عەلی حەمە ساڵح کاتێک خۆی و بزوتنەوەی گۆڕانی "عەزیز" ی، چوە ناو حکومەتی دز و گەندەڵ و تاڵانچی پارتی و یەکێتیەوە، هەر ئەوکاتە پەنجەمۆری ئەو دزی و تاڵانیەیان کردو بوونە بەش لەو تاڵانییە، هەر ئەو کاتەش وەچە پاکەتیەکانی بنەماڵەکانیانیان دەبینی...

بۆ هەر کەس و کۆمەڵ و لایەنێک کە بەراستی دژی گەندەڵی و دزی و تاڵانی وەچەو سەرۆکە پاکەتیەکانی بنەماڵەکانی حزبەکانی کوردستانە، پێش مەرج نەک تەنها خۆ جیاکردنەوە لە حزب و لایەنە سیاسیانە، بەڵکو ڕووبەڕووبونەوی خەباتکارانەو شۆڕشگێرانەیە، بەدژی سەراپای ئەو دەسەڵاتەی منداڵدانی دزی و تاڵانی و کارگەی ئەفراندنی سەرۆک و رابەرە پاکەتیەکانی بۆ چەندین دەیەی زنجیرەیی...تاد.

ناکرێت خۆت لە پێگەی ئەندام پەرلەمانی و پۆستی حکومی باڵاو خانەنشینی لە دزی و تاڵانی ئەو دەسەڵاتە بیت و بتەوێت بە خستنە ڕووی ئاماری دزی و تاڵانی دەسەڵات و نەوەکانیان، شانی خۆت لەو ڕاستییە سەلماوە بدزیتەوە کە خۆت بەرهەمی ئەو سیستەم و بزوتنەوەی گۆڕانی باوکی هەژاران!! بیت کە بە ملیۆنیری مرد و سەرمایەی ملیۆنیەکەشی بەخشیە وەچەکانی...

ناکرێت خۆت مانگانە موچەی ٢٠–٣٠ قات زیاتر لە کریکار و کارمەندێک لە حکومەت!! و لەڕاستیدا لە حزب و دەسەڵاتی بنەماڵەکان وەربگرێت و شانازی بە خستنە ڕووی ئاماری دزییەکانی دەسەڵات بکەیت. ناکرێت خۆت لیست بۆ بەشداری لەو دەسەڵاتە دزو گەندەڵ و وەچە ئامادەکردنەی دەسەڵات، ئامادە بکەیت و لەو لاشەوە فرمێسک بۆ بەتاڵانبردنی داهاتی خەڵکی کوردستان هەڵبرێژی. خودی پەرلەمان... بەو پوچی و کارتۆنی بوونەی وەکو ڕێگای بەرەنگار بوونەوە و سەکۆیەک بۆ گۆڕانکاری و وەلانانی دەسەڵات بخەیتە ڕوو. ئەوەیان کە لات وایە پەرلەمان و خەباتی!! پەرلەمانی لەدۆخی ئێستای کوردستاندا ڕێگایەکە بۆ ئاڵوگۆر و کۆتاییهیان بەدزی و گەندەڵی و ریگەگرتن لەدزی نەوەکان و دەسەڵاتیانە، تەواو کەری هەمان ئەو ڕێچکەیە کە حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی دەیکەن و کردویانە و هیچی لەو دزی و تاڵانی و نادادیە کەمتر نییە کە دەسەڵات دەیکات... لەوەش زیاتر خۆڵکردنە چاوی خەڵکە... ئەوەش بێڕیزییەکی ئاشکرایە بە ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان.

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات.**
**هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

**bopeshawa@gmail.com**

# پرسی ڕۆژ

## سەبارەت بە سکاڵای کۆنەپەرستان بۆ سەر ئازادی مافی ژنان...

## بەهار عەلی وەڵامی پرسی ڕۆژی ژمارەی داوەتەوە...

**پرسی ڕۆژ: بەهار عەلی وسکاڵای**



**بەرەی کۆنەپەپەرستی؟**

**لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی ڕوداو دەربارەی سکاڵای چەند پارێزەرێک لە دادگای عێراقی بۆ لابردنی ڕێگریەکانی بەردەم فرەژنی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان، کە بە بەشداری یەکێک لەو پارێزەرانە و بەهار عەلی، لە "دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی ئێمە" سازدرا. بەهار عەلی گووتی "من دژی یاسای فرەژنیم، چونکە ئەوە سوکایەتیە بە کەرامەتی ژن". هەروەها گووتی "با ئەوانەی داوای فرەژنی دەکەن خۆیان بخەنە شوێنی ئەو ژنانەی مێردەکانیان ژنی دووەم دەهێنن، ئایا دەتوانن ئەوە قبوڵ بکەن کە شەوی داهاتوو ژنەکەیان لەگەڵ مێردێکی دیکەدا دەخەوێ!؟**

**دوای ئەم چاوپێکەوتنە بانگخوازی ئیسلامی بەناوی (مەلا مەزهەر خوراسانی) بەناوی سوکایەتی بەئایینی ئیسلام، سکاڵای لەسەر داکۆکیکەر لەمافەکانی ژنان (بەهار عەلی) تۆمار دەکات.**

**ئایا قسەکانی ئێوە بێ ڕێزیە بە ئایینی ئیسلام؟**

**کۆمەڵگە چۆن دەتوانێت داکۆکی لەمافی یەکسانیخوازی ژن وپیاو بکات؟**

**هەڵوێستی کۆمەڵگە وڕێکخراو حزب وکەسایەتیەکان چۆن بوو لەبەرامبەر ئەو پرسە؟**

بەڕێز بەهار عەلی؛ یەکێک لەدامەزرێنەرانی (ڕێکخراوی ئێمە) وەڵامی ئەم پرسەی داینەوە.

پرسی ڕۆژ: **ئایا قسەکانی ئێوە بێ ڕێزیە بەرانبەر ئیسلام؟**

**بەهار عەلی: نەخێر مەسەلەکە و گفتوگۆکە پەیوەندی بە هیچ ئاینێکە وە نییە، و لە نێویاندا ئاینی ئیسلامیش، چوونکە من گفتوگۆم دەربارەی بڕگەیەک لە یاسای باری کەسێتی کردووە کە یاسایەکی مەدەنییە و لە ساڵی ٢٠٠٨ دەرچووە. لە ڕاستیدا ئەم یاسایە هەرچەندە بە تەواوی فرەژنی قەدەغە نەکردووە، بەڵام مەرجەکانی ئەوەندە قورسە کە بە پێی چاودێریمان بۆ دادگاکان، ژمارەی ئەوانەی ژنی دووەم دەهێنن زۆر سنووردار کردۆتەوە. بەڵام کەسانی کۆنەپەرست و دواکەوتوو کە ژن تەنها وەک پرۆژەیەکی سێکسی دەبینن بۆ ئەوەی هەستی خەڵکی سادە و ساکاری کۆمەڵگە بەلای خۆیاندا رابکێشن، ئەوا هەمیشە پەیوەستی دەکەن بە ئاینەوە تاوەکو ڕای گشتی لەسەر دروست بکەن.**

**من لەو بەرنامەدا باسم لەوە کرد کە جێبەجێکردنی بەندەکانی ئایین بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان گۆڕدراوە. ئەوەتا هەرچەندە دەقێکی زۆر روون لە قورئاندا هەیە دەڵێ "هەرکەسێک بەو دەستەی دزی کرد دەبێ ببڕدرێت" بەڵام ئێستا لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامیدا جێبەجێ ناکرێ، چونکە کۆمەڵ□گەی مرۆڤایەتی لە ئاستێکدایە قبووڵی ئەو جۆرە سزایانە ناکات.**

**پرسی ڕۆژ: کۆمەڵ□گە چۆن دەتوانێت داکۆکی لە مافی یەکسانیخوازی ژن و پیاو بکات؟**

**بەهار عەلی: کۆمەڵ□گە بۆ ئەوەی بتوانێ داکۆکی لە مافی یەکسانیخوازی ژنان و پیاوان و سەرجەم گرووپە پەراوێزخراوەکان بکات، پێویستی بەوەیە خۆی ڕێکبخات. بێگومان بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حزبەکان و دام و دەزگای تایبەتمەند بۆ هێنانەدی یەکسانی بەشێکە لەو خۆ ڕێکخستنە.**

**هەڵبەتە بە تەنها کۆبوونەوە لە چوارچێوەی ئەو لایەنانەی باسم کرد نابێت، ئەگەر بێتوو کارەکانیان لەسەر بنەمایەکی فیکری و مەعریفی روون و ئاشکرا نەبێت. واتە دەبێت بەرنامەی کورت خایەن و درێژ خایەنیان هەبێت بۆ داکۆکیکردن و کارکردن بۆ هێنانەدی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا. لە ئێستادا هەندێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان و هێز و ڕۆشنبیرو چەپەکان ئەو ڕۆڵە دەبینن.**

**پرسی ڕۆژ: هەڵوێستی کۆمەڵگە و ڕێکخراوە و حزب و کەسایەتیەکان چۆن بوو بەرانبەر ئەو پرسە؟**

**بەهار عەلی: وەک لە پێشەوە باسم کرد؛ کە ئەوان دەیانویست رایەکی گشتی لە دژی من و ڕێکخراوی ئێمە کە مەبەست لێی سەرجەم ڕێکخراو و کەسایەتییە پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازان بوو. بۆیە ئەو هێرشە زۆرەی کە لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەکرا لە دژی من کە هەموو سنوورێکی ئەدەب و شارستانیەتی بەزاندبوو، ئەوانە بەرەی کۆنەپەرستان بوون. لە هەمان کاتدا زۆرێک لە گروپ و ڕێکخراو و پارتی چەپ و ڕۆشنبیران و شارەزایانی بواری یاسا لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لە ڕێگەی وتار و نووسین و پەیوەندیکردن پێمەوە پاڵپشتی خۆیان پیشاندا، و لە نێوانیاندا پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کە زۆر بە روون و ئاشکرا بەیاننامەی پاڵپشتی بڵاوکردەوە کە کاردنەوەیەکی زۆر باشی هەبوو.**

**کەواتە دەتوانم بڵێم کۆمەڵگە دابەش ببوو بە سێ بەش:**

**بەشی یەکەمیان: بەرەی کۆنەپەرست و دواکەوتوو کە لە دەنگی ژن و خۆڕێکخستنی ژنانی یەکسانیخواز و تێکۆشەر زەندەقیان چووە، چوونکە باش دەزانن کە ئەمانە هێزێکی سەرەکی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتین لە کوردستاندا.**

**بەشی دوەمیان: هێزە پێشکەوتنخواز و تێکۆشەرەکان بوون کە بە ئاشکرا ڕووبەڕوی ئەو هێزە دەبوونەوە کە دەیانەوی کۆمەڵگەی کوردستان بکەن بە سەدەکانی ناوەڕاستی ولاتە عەرەبیەکان.**

**بەشی سێهەم: خەڵکانێک بوون کە بێدەنگ بوون لە دەربرینی راوبۆچونیان لەسەر لاپەرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام زۆربەیان بە پاڵپشتی هێزە پێشکەتنخوازەکان لە قەڵەم دەدەم، چوونکە فرەژنی پەیوەستە بە ماف و کەرامەتی هەموو ژنێکەوە و هەموو پیاوێکی بە ویژدان لە کۆمەڵگەدا.**

*****

# لەسێدارەدانی ژنان لە ئێران: کوشتنی بەئەنقەست بە بیانوی دادپەروەری!

نووسینی: ڕووناک فەرەجی

ڕەیحانە جەباری ئەو مەرجەی قبوڵ نەکرد کە قوربانییەکە نیازی دەستدرێژی سێکسی نەبووە و کوڕە گەورەکەی کورسیەکەی بەبێ مەبەست لە ژێر پێی مورتەزا ڕاکێشاوە و مردووە. "شوعلە پاکرەوان دایکی ڕەیحانە جەباری".
ئەمە باسێکی کورت و بە ئازاری لەسێدارەدانی ڕەیحانە جەبارییە، کە بە تۆمەتی کوشتنی مورتەزا عەبدولعەلی سەربەندی، فەرمانبەری پێشووی وەزارەتی هەواڵگری کە هەوڵی دەستدرێژی سێکسی ڕیحانەی داوە، لە سێدارە دراوە.
لەسێدارەدان لە ئێراندا لایەنی جیاوازی هەیە، بەتایبەتی کاتێک باس لە لەسێدارەدانی ژنان دەکرێت.
ئێران لە هەموو وڵاتانی جیهان زیاتر ژن لە سێدارە دەدات. بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، لانیکەم ٢١٠ ژن لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠ بۆ ٢٠٢٣ لەسێدارە دراوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئێرانی کۆمار ئیسلامی زۆرترین ژمارەی لەسێدارەدانی ژنانی لە جیهاندا هەیە.


**ژنان لە چنگی نادادپەروەری و ڕەگ و ڕیشە شاراوەکانیدا.**

ئەو تۆمەتە سەرەکیانەی کە ژنان لەسەریان لەسێدارە دەدرێن، پەیوەندییان بە تاوانی "کوشتن" و "مادەی هۆشبەر"ەوە هەیە. زۆرێک لە حاڵەتەکانی تۆمەتی کوشتن پەیوەندییان بە کوشتنی هاوسەرەوە هەیە، کە لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە بەهۆی توندوتیژی خێزانییەوە بووە.
هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بە تاوانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکانەوە لە سێدارە دراون. بارودۆخی نالەباری ئابووری و نەبوونی هەلی کار و فشارە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری سەرەکین کە ژنان بەرەو کارە نایاساییەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان دەبات. ئەم ژنانە زۆرجار دەبنە قوربانی سیستمێکی نادادپەروەرانە کە لەبری چارەسەرکردن و چاکسازی بە توندترین سزا مەحکومیان دەکات.
لە لایەکی دیکەوە ژنان ڕووبەڕووی تۆمەتی سیاسی و ئەمنی دەبنەوە و ئەم بابەتە کاریگەرییەکی بەرفراوانی لەسەر ژیانیان هەیە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران نزیکەی دوو لەسەدی زیندانیانی سیاسی و ئەمنی ژنن. هەرچەندە ڕەنگە ئەم ڕێژەیە کەم دەرکەوێت، بەڵام هێشتا ڕۆڵ و بوونی ژنان لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نیشان دەدات.
ژمارەیەکی بێشوماری زیندانیان لە ساڵانی شەستەکاندا بە تاوانی ئەندامی گروپە سیاسییەکان و شەڕکردن لەگەڵ حکومەت لە سێدارە دران.
شیرین عەلەمهولی دوای دوو ساڵ بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ گروپە چەکدارە کوردییەکان دەستبەسەر و لەسێدارەدرا.
زەهرا بەهرامی، هاووڵاتییەکی ئێرانی-هۆڵەندییە، لە کاتی ناڕەزایەتییەکانی بزووتنەوەی سەوز دەستگیرکرا و تۆمەتبارکرا بە "ئاژاوەگێڕی و تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی"، بەڵام دواتر بە تۆمەتی "هەڵگرتنی مادەی هۆشبەر" سزا درا و لەسێدارەدرا.
ڕێحانە جەباری بە تۆمەتی کوشتنی بەکرێگیراوێکی پێشووی وەزارەتی هەواڵگری لەسێدارە درا. هەرچەندە تۆمەتەکەی تاوانکاری بوو، بەڵام زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ پێیان وابوو کە دۆسیەکەی ڕەهەندی سیاسی هەیە و دادگاییکردنی دادپەروەرانە نییە.

**یاسای بێ یاسایی: هەڵاواردن لە دژی ژنان لە سایەی دادپەروەریدا.**

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەپاراستنی ژنان لە ئێراندا، کەموکوڕییە لە پێکهاتەی یاسایی و قەزایی کە بەتەواوی لە خزمەتی پیاوسالاریدایە. ئەم پێکهاتانە ڕێگە نادەن ژنان بەرگری لە خۆیان بکەن لە بەرامبەر توندوتیژی خێزانی و کۆمەڵایەتی و میکانیزمی یاسایی و دادوەری لە هیچ کاتێکدا ناگاتە مافە لەدەستچووەکانی ژنان.
زۆرجار ئەو کوشتنانەی کە دەبنە هۆی لەسێدارەدان لە چوارچێوەی توندوتیژی خێزانییدا ڕوودەدەن. نەگەیشتن بە سیستمێکی دادپەروەرانە یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە ئەم ژنانە بەرەو کردەوەی توندوتیژی دەبات.
لەم نێوەندەدا، کولتوور و نەریتەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە پشتیوانی نەکردنی ژنان. هەڵاواردن لە یاسا و دادگا و فەرهەنگ و نەریتەکاندا ژنان بەرەو بنبەست دەبات و دەیانکاتە تاوانبار یان قوربانی.
کۆمەڵگایەک کە لە ژێر کاریگەری نەریتە پیاوسالارییەکاندایە، بە شێوەیەکی سیستماتیک مافەکانی ژنان پشتگوێ دەخات، ئەمەش وا دەکات زیاتر بەرەوڕووی زیان و زەرەر ببنەوە. ئەم کولتوورە پیاوسالارانە نەک هەر کۆت و بەندی یاسایی بەسەر ژناندا دەسەپێنن، بەڵکوو ئەو پارێزگارییە یاسایی و کۆمەڵایەتیانەش بێبەشیان دەکەن کە بۆ پاراستنی مافەکانیان پێویستن. لە کەشێکی وادا ژنان وەک هاوڵاتی پلە دوو هەژمار دەکرێن کە مافی ئەوەیان نییە بۆچوون و ئارەزووەکانی خۆیان دەرببڕن. بەهۆی نەبوونی پاڵپشتییەکی پێویست، ژنان لەم کۆمەڵگەیەدا ناچار دەبن بەرگەی توندوتیژی خێزانی و کۆمەڵایەتی بگرن و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا پاڵیان پێدەنرێت بەرەو ڕەفتاری توندوتیژی بڕۆن لە وەڵام بە بارودۆخەکەیاندا.
لە کۆتاییدا ئەم دۆخە ئاماژەیە بۆ قەیرانێکی قووڵی کولتووری و کۆمەڵایەتی کە پێویستی بە پێداچوونەوە بە یاسا و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان هەیە لە پێناو باشترکردنی بارودۆخی ژیانی ژنان و دانانان بە مافەکانیان.





**لەسێدارەدانی ژنان، بوومەلەرزەی کۆمەڵایەتی.**

لە سێدارەدانی ژنان نەک هەر دەبێتە هۆی کۆتایی ژیانێک، بەڵکو کاریگەریی وێرانکەری کۆمەڵایەتی و کولتووری و دەروونیش دەهێنێت کە سنووری تاکەکەسی تێدەپەڕێت. لە سێدارەدان، وەک توندترین شێوەی سزا، نەک هەر هەستی ترس و نائەمنی لای ژنان دروست دەکات، بەڵکو لێکەوتەی قورسیش بۆ خێزان و کۆمەڵگە بەدوای خۆیدا دەهێنێت.
لەسێدارەدانی ژنان دەتوانێت لێکەوتەی نەرێنی بۆ کەسوکاری قوربانییەکان و تۆمەتبارەکان هەبێت. ئەم سزایە زۆر کاریگەری لەسەریان هەیە. بنەماڵەی لەسێدارەدراوەکان ڕووبەڕووی زەبر و زەنگی دەروونی سەخت و زیانێکی ئابووری دەبنەوە. نەبوونی دایک و باوک یان سەرۆکی ماڵ دەبێتە هۆی سووتەمەنی بێکاری و هەژاری و زیانەکانی کۆمەڵایەتی زیاتر وەک ئالوودەبوون و توندوتیژی خێزانی.
بەپێی ئامارەکان، منداڵی ژنانی لەسێدارەدراو مەترسی زیاتریان لەسەرە کە تێوەبگلێن لە باندە تاوانکارییەکان یان تووشی نەخۆشییە دەروونییەکان ببن.

**لەسێدارەدانی ژنان لە ئێران: سێبەرێکی درێژ بەسەر ژیان، چەند ناوێک لە یادەوەریدا**

تەنها لە ساڵی ڕابردوو لانیکەم ٢٢ ژن لە سێدارە دراون. ١٥کەسیان بە تاوانی کوشتن، سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، سێ ژن بە تاوانی پەیوەندیدار بە مادده هۆشبەرەکانەوە لەسێدارە دراون، ژنێک بە ناوی نەسیم نەمازی بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل لەسێدارە دراوە، تۆمەتی سیانیان نادیارە، پێنج ژنیان بەلوچ بوون، شەش ژن بەهۆی کوشتنی هاوسەرەکانیانەوە لەسێدارە دران. سەرچاوە فەرمییەکان تەنیا دوو لەو ئیعدامانەیان ڕاگەیاندووە و ناسنامەی هەشت لەو ژنانە نادیارە.
بەپێی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، لەمساڵدا لانیکەم ١٠ ژن لەسێدارە دراون.

**دوو ژن لە لێواری لەسێدارەدان:**

لەئێستادا شەریفە محەممەدی چالاکوانی کرێکاری و نەسیم غوڵامی سیمیاری گۆرانیبێژی ڕاپ و یەکێک لە ناڕازیانی بزووتنەوەی ژنان. ژیان ئازادییە. نەسیم کە لە ١٨ی مایسی ٢٠٢٣ لە تاران بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە بارودۆخی ئێستای ئێران چووەتە سەر شەقامەکان، دەسبەسەر و لە کاتی لێپرسینەوەدا، لە ژێر گوشاری ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیدا، بە ناچاری دان بە خۆیدا بنێت و تۆمەتبار کرا بە "کۆبوونەوە و".

بۆ لاپەڕە 14

# دیمانەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود، سەبارەت بۆ هۆکارو ئامانجەکانی هێرش و لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان...

**ئۆکتۆبەر: لەماوەی ڕابردوودا سوپای تورکیا بە هێزێکی زۆرەوە هاتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوە بێجگە لەو بنکە سەربازیانەی کە لە هەرێمدا هەیەتی، بەڵام بەپێی هەواڵەکان سەربازەکانی تورکیا لەناو هەندێ ناوچەی دهۆک خاڵی پشکنینیان داناوە. بیانوی دەوڵەتی تورکیا لێدانە لە پەکەکەو کۆتایی هێنان بە قەندیل وەکو خۆیان دەڵێن. تا چەندە ئەم لەشکرکێشیە پەیوەندی بە لێدان لە پەکەکەوە هەیە؟ زیاتر لە ٤ دەیەیە تورکیا و پەکەکە لە شەڕێکی چەکداریدان بەبێ ئەوەی پەکەکە لەناو ببرێ. ئایا بەو لەشکرکێشیە ئەو ئامانجەی تورکیا دێتەدی یان ئامانجی دیکە هەیە؟**

**عبدلله محمود:** هەموو هێرش یان ئۆپەراسیۆنێکی دەولەتی تورکیا، لەگەڵ خۆیدا ئاست و شێوەی دەستێوەردانەکانی زیاتر و بەرینتر کردووە. لەهەموو جارەکاندا دەوڵەتی تورکیا ناوچەی تازەی داگیرکردووە. بنکەی زیاتری داناوە. سەربازگەی تری جێگیر کردووە. شوێنی زیاتری دەست بەسەردا گرتووە. لە هێرشی ئەمجارەشدا، بەهەمان شێوە لەلایەکەوە زیاتر لە پێنج کیلۆمەتر تر هاتۆتە ناو قوڵایی هەرێم و دە سەبازگەی تری داناوە، لەوەش دەرچووە هێرشەکان هەر لە ناوچە سنورەیەکان بێت، بەڵکو هاتۆتە قوڵایی کوردستان و بەپێی چەندین سەرچاوەی هەواڵ ئیستا ٤٥% لەسەی جغرافیای دهۆک لە ژێر دەستی تورکیادایە و خەریکی زیاتریشی دەکات. جیا لەوانەش لەگەڵ ئەوەدا پارتی وەکو دەسەڵاتی زۆنی زەرد و گۆرەپانی لەشکرکیشی تورکیا، هێندەی بۆی کرابێت هاوکاری دەوڵەتی تورکیای کردووە، کەچی سوپای تورکیا لە ژێر قەڵەمرەوی پارتی و هاوکاریی ئەودا دەوریات و خاڵی پشکنینی داناوە، بەمەش بەکردەوە تورکیا وەکو خاوەن ماڵ و گوێنەدان بە قەڵەمرەوی پارتی و دەسەڵاتەکەی رەفتار دەکات. دیارە پەکەکە تەنها پاساو و بیانوویەک نییە، بەڵکو ئامانجێکی دەوڵەتی تورکیایە و دەیەوێت توانای سەربازی و حزوری پەکەکە لەسەر سنورەکانی نەهێڵێت و ئەگەر بتوانێت کۆتاییان پێ بهێنێت، بەڵام ئەوە تەنها ئامانجێکە لەناو چەند ئامانجی تردا. گوێزانەوەو شێواندنی رای ناوخۆی تورکیاو رای گشتی لە ئەزمەو گرفتەناوخۆییەکانی لەوانە، ئەزمەی ئابوری و دارمانی بەهای لیرەی تورکی، داکشانی پێگەی ئاک پارتی و خودی ئەردۆغان لەناو خۆی تورکیاو بەرامبەر نەیارە سیاسیەکانی، تەرک کەوتنەوەی تورکیا لە ئاستی دنیادا، شلۆقی پەیوەندیەکانی و هەڵبەزو دابەزی لە نێوان جەمسەرە جیهانیەکان، ناکامی لەوەی کە ببێتە کاراکتەرێکی هاو باڵانس لەگەڵ ئیران لەناوچەکەدا، رووبەروو لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی لەتورکیا، کیشەی کورد...تاد، چەند هۆکار و ئامانجی تری دەوڵەتی تورکیان لە هێرش و ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم دەورەیەدا. بەتایبەتی تریش ئەو ئاڵوگۆرانەی لە عێراق و لە ململانێی نێوان ناوەند و هەرێمدا هاتۆتە پێشەوە، فاکتێکی تازەی ترە، کە دەوڵەتی تورکیا بە دەخالەت و دەستێوەردان لە هەرێمدا دەیەوێت لەلایەکەوە هەژموونی خۆی لە هەرێم و ناوخۆی عێراقدا زیاد بکات بەمەبەستی قایمکردنی جێپێ و ناسیونالیزمی تورکی و هێزە تورکیەکان لە ئارایشی تازەی دەوڵەتی عێراق بەتایبەتی لە کەرکوکدا، لەلایەکی تریشەوە لە راستای لە مەنگەنەدانی قەوارەی سیاسی هەرێم و هاوئاهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بۆ گێرانەوەی پاراستنی سنورەکان بۆ ژێر قەڵەمرەوی دەسەڵات و سوپای عێراق، کە عێراقیش خوازیارە لە چوارچێوەی گێرانەوەی هەیمەنەی سیاسی و ئابوری، بۆسەر هەرێمدا، هەژموونی ئەمنی و سەربازی لە ژێر ناوی پاراستنی "سەروەری و ئاسایشی سنورەکانی" بگێڕێتەوە. تەنانەت کۆتاییهێنان بە "قەوارەی هەرێمی کوردستان" ئامانجێکی ستراتیجی و دەوڵەتی تورکیایە، بۆ ئەم ئامانجەشی سەرباری ناکۆکیەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، لەگەڵ دەوڵەتی عێراق کۆکن. جیا لەهەموو ئەوانە دژایەتی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ خەڵکی کوردستان و کورد بوون لە تەواوی ناوچەکەدا راستیەکی حاشا لێنەکراوە... تا ئەو جێگایەش بەوە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتی تورکیا دەتوانێت پەکەکە لە بەین بەرێت. راستی ئەوەیە داگیرکاری و سەرکوتی سیاسی دەوڵەتی تورکیا چ لە بەرامبەر بە هەموو بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازنەو چ بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و حاشاکردن لەماف و تەنانەت بوونی خەڵکی کورد لە تورکیادا، ژینگەو کەشێکی خوڵقاندووە کە پەکەکە و هێزی تری سیاسی لەسەر سەوز دەبن و پێدەگرن. پەکەکە دەرهاویشتەی ملهوری توکیا و حاشاکردن لە مافەکانی خەڵکی کورد لە تورکیادایە و تا ئەو کاتەش پرسی کورد لە تورکیا چارەسەر نەکرێت، لەناو بردنی پەکەکەو هەر هێزێکی تر کە بەهرەبەرداری لە پرسی سیاسی کورد دەکەن لە پێناو ئامانجەکانی خۆیاندا، دەمێننەوە و ڕێگا چارەی لەناو بردنی پەکەکە هیرش و ئۆپەراسیۆنی سەربازی نییە. لە چەند دەهەی رابردوودا دەوڵەتی تورکیا دەیان هیرش و ئۆپەراسیۆنی کردووە، کەچی نەیتوانیوە پەکەکە لە بەین ببات و ئەمجارەش ناکام دەبێت.

**ئۆکتۆبەر: حکومەتی هەرێم هیچ کارێکی پێناکرێ. حکومەتی عێراقیش تەنها ئیدانەی کردو وەفدێکی نارد بۆ هەرێم بۆ لێکۆڵینەوە لە لەشکرکێشیەکەو چۆنیەتی وەڵامدانەوەی؟ ئایا حکومەتی عێراق هیچی پێدەکرێ بەرامبەر بەو لەشکرکێشیە؟ لەکاتێکدا حکومەتی عێراق لەگەڵ تورکیادا رێکەوتنێکی واژۆکردو بوونی پەکەکە لە خاکی عێراق بە نایاسایی دادەنێت!؟ ئایا رەزامەندی حکومەتی عێراقی لەپشت نیە؟**

**عبدلله محمود:** هیرش و لەشکرکیشی ئەمجارە، بەدوای سەردانی پیشوو تری ئەردۆغان بۆ بەغدا و هەولێر دەستی پیکردووە. هاوئاهەنگی دەوڵەتی عێراق و تورکیا، رەزامەندی ئەمریکا بەوەی رایان گەیاند کە دەبێ هیرشەکە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ عیراق و دەسەڵاتی هەرێم بیت، بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ رێکەوتنێکی پێش وەختەی نیوان بەغدا و هەولیر و هاوکات گڵۆپی سەوزی ئەمریکا. بۆیە نابێ هیچ چاوەڕوانیەک لەوە هەبێت کەدەسەڵاتی بەغدا یان هەرێم، هەلوێستێکی جدیان هەبێت. ڕیکەوتنی حکومەتی عێراق و تورکیا بەوەی پەکەکە هێزێکی نایاساییە لە هەرێمدا، بەمانای هاوکاری هەردوولایان دێت بۆ وەستانەوە بەرووی بوونی ئەو هێزە نایاساییە!! لە هەرێمدا. ئەو رێکەوتنەی نیوان تورکیا لەگەڵ عیراق و هاوکاری بەردەوامی پارتی لەگەڵ تورکیاو هەلویستی فەرمی دەوڵەتی ئەمریکا، هەموویان نیشانەن بۆ هاوئاهەنگی و کۆک بوون بۆ لێدان لە هێزەکانی پەکەکە، بەڵام کورتکردنەوەی ئامانجی تورکیا لە هێرش و دەستێوەردانەکانی لە هەرێمدا تەنها بۆ شەر لەگەڵ پەکەکە، لێکدانەوەیەکی هەڵەو نە دیتنی ئامانجە گەورەترەکانی دەوڵەتی تورکیایە...

**ئۆکتۆبەر: لەشکرکیشی تورکیا و هەڕەشەکانی ئێران لە ئۆپۆزیسیۆنی نیشتەجێی کوردستانی عێراق، بەردەوام بوەتە مایەی نائارامی و هەڕەشە بۆ سەر خەڵکی کوردستان.. وەکو وتمان حکومەتی هەرێم نەک هیچیان پێناکرێ، خۆیان خزمەتکاری ئەو دوو دەوڵەتەن. ئایا چی بکرێ بۆئەوەی ئەو هەڕەشەیە لەسەر سەری خەڵکی کوردستان دوور بخرێتەوە؟**

**عبدلله محمود:** چ هێرش و ئۆپەراسیۆنە بەردەوامەکانی دەوڵەتی تورکیا و چ گوشار و دەستیوەردان و هیرشی دەوڵەتی ئیران بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکانیان و هێرشی درۆنی و گرووپە تیرۆریستیەکان، بەجیا لە ئاوارەبوونی هاوڵاتیانی ناوچە سنوریەکان و ناچار کردنیان بە جێ هێشتنی شوێنی کارو ژیانیان، تا ئێستا بەدەیان کەسی لە هاوڵاتیانی مەدەنی ئەو ناوچانە کردۆتە قوربانی و کەشێکی نائەمن و سەربازی زاڵ کردووەو زۆرێک لەو ناوچانە میلتاریزە کراون. لەهەموو ئەو هیرش و ملهوریانەش کە لە هەرێمدا کراون و دەکرێن لە زۆنی زەرد پارتی هاوکاری تورکیا و لە زۆنی سەوزیش یەکێتی هاوکاری ئیران بوون... عیراق و دەسەڵاتی زۆنی سەوزو زەردیش بەجیا لە راگەیاندنی میدیایی نا فەرمی، هیچ هەڵویستیکی جدی و فەرمی و لە ئاستی باڵایاندا نەبووە... بەپیچەوانەوە بە ڕیکەوتن و هاوکاری بەکردەوەی ئەوان چۆتە پیشەوە، بۆیە نابێ چاوەڕوانی لەوە هەبێت ئەو لایەنانە هەلوێست و کاردانەوەیەکی بەرجەستە لە خۆیان نیشان بدەن، مەگەر لەخوارەوە و لە ئاستی کۆمەڵگەدا بخرێنە ژێر گوشارەوە. بێگومان ئەو هیرش و ملهوریانەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و ئیران و کادر و لایەنگرانیان، تەنها هیرش نییە بۆسەر ئەو حزب و لایەنانەو هەڵسوڕانی سیاسیان، بەڵکو هاوکات پیشیلکردنی ئاشکرای ئیرادەی سیاسی و حزب و لایەن سیاسیەکان و ئیرادەی سیاسی جەماوەری خەڵکی کوردستانە، بۆیە پێویستی بە وەڵامدانەوەو کاردانەوەی سیاسی و جەماوەری و لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەو لە ئاستی شەقام و رەسمیدا، هەیە.

بەتایبەتی کە نارەزایەتی جەماوەری بەرووی لەشکرکیشی و ئۆپەراسیۆنی سەبازی و کردەوە تیرۆریستی و درۆنیەکان، واقعیەتیکی کۆمەڵگەیەو خواستی کۆتاییهینان بە لەشکرکیشی و کردەوەی تیرۆریستی تا دەگاتە خواستی چونەدەرەوەی هیزی سەبازی و بنکەو بارەگا جاسوسی و کریگرتەکانی وڵاتانی ناوچەکە لەوانە ئیران و تورکیا خواستێکی رەواو حاشا لینەکراوە و زۆر جاریش کۆبونەوە و خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری لە شارەکاندا بەدژیان وەرێ خراوە. تەنانەت خەڵک هیرشیان بردۆتە سەر سەربازگەکانیان... وە لە ئاستی فەرمی و دنیای دەرەوەشدا خۆپیشاندان و نارەزایەتی کراوە.

ئێستاش سەرباری ئەوەی لە زۆنی زەرد چالاکی و خۆپیشاندان دژی رژێمی تورکیا یاساغ و لە زۆنی سەوز لەدژی رژیمی ئیران ڕی پێنەدراوە، بەڵام نارەزایەتی بەدژی لەشکرکیشی و ئۆپەراسیۆنی وڵاتانی ناوچەکەدا لەسەراسەری کوردستاندا واقعیەتیکی بەرجەستەیە... وە ڕیگایەکی کارسازو بە کردەوە ئەوەیە کە هەموو ئەو حزب و هیزە سیاسیانەی بانگەشەی دژە داگیرکاری دەکەن و بروایان بە ئازادی هەلسورانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکان و سەروەری ئیرادەی سیاسی خەڵکی..

بۆ لاپەڕە 14

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...**

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# هونەری دەنگ و نواندن

# قسەکردن - وتن

## نووسینی: ڕێبوار حەمە شەریف

بەپێویستم زانی کە لە دیدی دوو مامۆستاو دوو کەسایەتی شارەزا لە بواری دەنگدا، بابەتێک بە وردە دەستکاریەکەوە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی تا شانۆکاران و هەر کەسێک کە وەک پێویست لەهەر بوارێکدا بێت کە بیەوێت دەنگ وەک ئامرازی گەیەنەرێک بگەیەنێتە گوێی بیسەرانی، کە ئەمەش بۆخۆی یاساو ڕێساو بە تایبەتمەندیەتی خۆیەوە وابەستەی هەیە کە دەبێت ئەکتەر و نمایشتکارو هەر دەنگ بێژێک پەیڕەوی بکات.

نووسەران :

آستاذ بدر الحسون فريد و

م، د، کەمال الدين عيد

**هونەری دەنگ :**

**لە دیدو تێگەیشتنی م، د، کەمال الدين عيد:**

یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی بە وشە و قسەکردنەوە، چەکێکی گرینگی چینی ئەکتەرە، چ، لە میدیا یان لە هونەرەکانی شانۆ و، ڕادیۆ، سینەماو، تەلەفزیۆن، یان لەلایەن دادوەرەکانەوە بەکاردێت یان پارێزەران"، و سەرۆکی دەوڵەت لە وتارەکانیاندا بۆ جەماوەر کە بیانەوێت بدوێن .

**لە هونەرەکانی نواندنیشدا..**

هەموو کارەکتەری ڕۆڵی شانۆیی بە هونەری قسەکردندا تێدەپەڕێت، لە هونەری (ئیمپرۆڤیزاسیۆن) ەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ڕۆڵی شانۆیی نووسراو یان دەستکاریکراو و لە هەموو جۆرە ئەدەبیاتی دراماتیکدا، جا چ نووسراو بێت یان شیعر.

**دیکشن / وتنی هزری:**

ڕەنگدانەوەی وشە و ڕستە نییە، زۆرجاریش بەقەد ئەو مانایە دراماتیکییانەی لەپشت ئەو وشە و دەستەواژانەیەوە کە درامانووس مەبەستیەتی، و ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین (هزری شانۆیی) ئاشکرا دەکات، پەیڕەوی لە دەربڕینی زمانەوانیدا ناکات.

کەواتە: خوێندنەوە لەم فۆرمەدا پێش ئەوەی خزمەت بە دەربڕینی زمانەوانی بکات یان وابەستەیی بێت، لە خزمەتی بابەتی فیکری، کولتووری، میدیایی، ئینسانی و شارستانییدا دەبێت، بۆیە تێگەیشتن لە پێش خوێندنەوەیە لە شانۆدا.

تێگەیشتن لێرەدا بە واتای بیستنی وشە یان دەربڕین و پاشان تێگەیشتن لەو مانایانەی لە پشت هەریەکەیانەوە بە وردبینییەکی تەواوەوە شاراوەن ئەمە لە ڕوانگەی ئەکتەرەوەیە، و هەمان دوو قۆناغی (بیستن و تێگەیشتن) لە گۆشەیەکی ترەوە بۆ بینەر کە لە هۆڵی بینەردا دانیشتووە، وەک چۆن پێویستی بە گوێگرتن لە دیالۆگەکە هەیە بۆ ئەوەی گرنگی پێبدرێت و دواتر تێگەیشتن لەو مانایانەی کە پێشکەش دەکرێن ئەکتەر هەستی پێدەکات، بێگومان دوای زیادکردنی هەست و سۆز و سیگناڵ و جەڵتەی مێشک و بێدەنگی پێویست بۆی تێگەیشتن لە لایەن بینەرەوە بە تەواوی یان بە ڕوونی ناگات مەگەر پیتی وشەکان بە ڕووناکی و ڕوون و پاڵاوتە و بێ کەموکوڕی دەربچن، ئەمە جگە لەوەی ئەکتەر ڕۆڵی شانۆیی ئەنجام دەدات فشار دەخاتە سەر هەندێک وشە بۆ ئەوەی تیشک بخاتە سەر گرنگییەکەی لە شوێنەکاندا. بە دڵنیاییەوە، ئاگادارکردنەوەی بینەر لە ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکە، بە گۆڕینی ئەم گرنگییانە – لە ڕێگەی هونەری قسەکردنەوە – لە چوارچێوەی ڕیتمێکی تایبەت بە خۆیدا، سەرنجی بینەر ڕاکێشێت و لە بەکارهێنانی بێژەکردن و دەربڕین لەلایەن مامۆستایەکی پەروەردەییەوە جووڵەی ڕستەسازی دروست.

گرنگیدان بەو هەموو لایەنە تەکنیکی و پیشەییانەی هونەری قسەکردن بەو مانایە نییە کە پرۆسەیەکی قورس و ئاڵۆزە، چونکە ئەوەی تێیدا گرنگە، پێشکەوتن نییە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە بەو هەموو پێوەرانەی کە لە تیۆریدا دیاریکراون، وەک زۆر بە هەمان شێوەی گەیشتن بە هونەری قسەکردن لە ژیان و شانۆدا بۆ ئاستێکی بیستراوی پاڵاوتە کە بە وشەی ڕوون و بێ لکەلکە دەربڕدراوە سەبارەت بە واقیعی دۆخی دراماتیک و ئەو کارەکتەرەی کە کات و شوێن لەم دۆخەدا داگیر دەکات.

یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ئەکتەر، ئەوەیە کە وشە و دیالۆگەکە بخاتەڕوو، بەو مانایەی کە بیخاتە بەردەم عەقڵ و گوێی جەماوەر، پاشان دوای ئەوە لە ڕێگەی هونەری خوێندنەوە دەیسەلمێنێت، و خوێندنەوەش نایکات لەم فۆرمەدا وەک ناوەڕۆکێکی لۆژیکی یان عەقڵانی دەردەکەون، ئەوەندەی مانایەکە کە لەناو خۆیدا هەست و پاڵنەر و بارگە هەڵدەگرێت. ئەم هەست و پاڵنەر و بارگاوییانە ناتوانن وەک پەیامێکی ڕوون دەربچن یان لەلایەن ئەکتەرەوە نەبێت و بەکارهێنانی چینە جیاوازەکانی دەنگ لەلایەن کاستەرەوە، و دیاریکردنی تۆنەکانی ناو دەنگ کە لە نێوان ڕستە و دەستەواژەکاندا دابەشکراون لەسەر پێوەرێکی زۆر ورد، هەروەها لە گونجان لەگەڵ مۆسیقای زمانەکەدا، و دەرهێنانی ڕیتمە گونجاوەکە، لەبەر ئەوەی ئەکتەر بە هەموو ئەزموون و هەوڵەکانییەوە، ئەم توخمانە ڕێڕەوی کارەکتەری شانۆیی و دراماتیک دەگۆڕن، لایەنێک (دەرکەوتن) بۆی دروست دەکەن لە ڕێگەی هەردوو خوێندنەوە و دیالۆگەوە.

سروشتییە ئێمە جیاوازی بکەین لە نێوان ناوەڕۆکی لۆژیکی و ناوەڕۆکی جوڵەیی لە هونەری خوێندنەوەدا، لانیکەم لەسەر ئاستی تیۆری، بەڵام لەسەر ئاستی پراکتیکی کە لە شانۆدا جێبەجێ دەکرێت، ناتوانین ئەوە بکەین، چونکە هیچ ڕێگە و ڕێگایەک بۆ ئەوە نییە ئەوە، چونکە بۆمان دەردەکەوێت کە دوو ناوەڕۆکەکە (لۆژیکی و جوڵەیی) لە کارە هونەریەکەدا لەگەڵ... یەکتردا تێکەڵاون، و لە بەشە دابەشنەکراوەکاندا، و واقیعی هونەری گەیاندن لە پرۆسەی شانۆدا چییە.

تێگەیشتنی ئەکتەری گەیاندن بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکان یان دیالۆگێکی لۆژیکی و دینامیکی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان خام بەرەوپێش دەچێت، لەکاتێکدا گەیاندن لە فۆڕمی کۆتایی خۆیدا هەوڵدەدات فۆرم و چوارچێوەی کەسایەتی گەیاندن دیاری بکات و دیاری بکات.

بەم پێیە هەندێک زیادکردن بۆ فەرهەنگەکە، وەک نوێنەرایەتیکردنی کارەکتەری گوندێک یان کارەکتەری میسری سەرەوە لە باشووری میسرەوە، بەکارهێنانی زاراوەیەکی تایبەت لە فەرهەنگەکەدا، لە کۆتاییدا نزیکایەتی لەگەڵ کارەکتەرەکەدا زیاد دەکات.


هونەری قسەکردن لە ڕاهێنانە سەرەتاییەکاندا لە شانۆدا تا ڕادەیەکی زیاتر مەودا و ڕاهێنانەکانی خۆی دەبات و تا ڕادەیەکی کەمتر لەگەڵ پێشکەوتنی پرۆڤە شانۆییەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا بارگرانییەکی زۆر دەخاتە سەر ئەکتەرەکان ئەگەر... ئەکتەر ئاکۆستیک بەکارناهێنێت بۆ بەستنەوەی ناوەڕۆکی لۆژیکی و ناوەڕۆکی جوڵەیی لە هونەری قسەکردندا بە پشتبەستن بە تێگەیشتنەکەی لەسەر ڕاستی تیۆرییان، پێشکەوتن و گەشەسەندنێکی زۆری لە ڕۆڵەکەیدا لەدەستدا، بەو مانایەی کە ناچار بوو واز لە دووبارەبوونەوە و... دیکشنی دووبارە و دوورکەوتنەوە لە فۆڕمی کلیشە کۆن و پووچەڵەکان، بۆ ئەوەی هەوڵی تێگەیشتن لە ڕۆڵەکە بداتەوە بە پێی تایبەتمەندییەکانی کارەکتەرەکە، هەروەها بچێتە ناو دەرکەوتنی کەسایەتی شانۆییەکەیەوە لە ڕێگەی هونەری... گەیاندن و بەکارهێنانی ئەوە، بە هەڵبژاردنی هەنگاوە زانستییە مۆدێرنەکان لە قۆناغەکانی تێگەیشتن و پارچەکردن و شیکردنەوە، و پاشان بەکارهێنان لە کۆتاییدا.

لەو ئەرکانەی کە بە ئەکتەر سپێردراوە سەبارەت بە قۆناغ و هەنگاوەکانی هونەری دیکشن ڕوونە کە تێکەڵکردن لە دەستی تەکنیکاری دیکشن و نواندن هەر لە سەرەتاوە ئامۆژگاری نییە.

واتە پێویستە مەرج و پێداویستییەکانی ئەکتەر لە هونەری قسەکردندا بەجیا ڕابهێنرێت، بەبێ تێکەڵکردنی دوو جۆرەکە (نواندن و قسەکردن)، بەجۆرێک کە ئەکتەر لە ڕاهێناندا پێشدەکەوێت، لە قسەکردنەوە بەرەو قۆناغی نواندن دەڕوات، بەبێ ئەوەی ناکۆکی دروست بکات یان بیرۆکەگەلێک کە سەرقاڵ دەکەن لە کارەکانی ئەکتەر یان قۆناغەکانی تێکەڵ دەکەن.

هونەری قسەکردن تەنیا لە شانۆدا سنووردار نییە بە مانا دراماتیکییە نەریتی و ناسراوەکەی لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، شانۆکانی ئەوروپا پەنایان بردە بەر تەرخانکردنی تەواوی شەوێک کە یەکسان بوو بە کاتی نمایشی شانۆیی کە تێیدا تاکە ئەکتەرێک کۆمەڵەیەک لە... شیعر یان هەڵبژاردەی شیعر و هەندێک جار نۆسراو و خودی هونەری قسەکردن بوو بە بابەتێکی زانستی لە بنەڕەتدا لە بەشەکانی ڕاگەیاندن و پەیمانگاکانی هونەر و ئەکادیمیاکان دەوترێتەوە و قسەکردنی پراکتیکی لە یەکەم بابەتی تیۆریدا، فێرخواز فێری شێوازی بەرهەمهێنانی قسەکردن و قۆناغەکانی پرۆسەی قسەکردن و سیستەمی هەناسەدان و کارەکانی و قوڕگ و کۆئەندامی دەنگ دەبێت، وەک ئەوەی لێی دەکۆڵرێتەوە (لە ڕووی تیۆرییەوە .(Theدابەشکردنی دەنگەکان و پێناسەکانیان و پۆلێنکردنەکانیان، پاشان مامەڵە لەگەڵ مەرجەکانی هونەری خوێندنەوە و بڕگەکانی (تۆن ) و ئینتوناسیۆن دەکات، وەستان و جۆرەکانی سەبارەت بە هونەری خوێندنەوەی پراکتیکی، پەیوەندی بە جێبەجێکردنی لایەنە تیۆرییەکانەوە هەیە کارەکە و ڕۆڵی شانۆیی و شانۆنامەکە.

**ماویەتی**



# کورسی

-سەرکردەی وڵاتی ئێمە
لە سەرکردەی هیچ
وڵاتێکی جیهان ناچێت
لەسەر کورسی کە دانیشت
هەتاکوو نەمرێ هەڵناسێ!
-٢
کورسییەک!
سەری خۆی هەڵگرت
چونکە دیکتاتۆرێک
دەیویست
لەسەری دانیشێت
-٣
شتێکی سەیر...
کورسییەک!
بە سەرۆکیکەوە نووساوە
بە دارتاش بڵێن:
با بێت و لێکیان کاتەوە!؟
-٤
دوێنێ شەو!
لە خەونم دا سەرۆکێک
بە پیزو ئیفادەوە
بە هەرەشە و تووڕیەوە
لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو
هیتلرو پێنوشە و مۆسۆلینی و سەدام
هاتنە بن گویچکەم و پێیان وتم:
ئێمەش وا بووین...
بەڵام !
ئەم کورسییە
هەتا هەتایە
هی کەس نییە
ڕۆژێک دادێت ژێر پێت
چوڵ ئەکات و
گەردنت بە پەتی سێدارەوە
جێ ئەهێڵێ!؟
-٥
خەو
پەژارەی سەرەکی
دیکتاتۆرەکان
تەنیا کورتی تەمەنە...
لەسەر کورسی
دەسەلات
-٦
دیکتاتورەکان و
زەرووەکان
هەمیشە لە یەک ئەچن
هەردووک تینووێتیان
بە خوێن ئەشکێنن
-٧
دیکتاتۆرەکان !
ماسی گرێکن
کە تەنیا و تەنیا
لە ئاوی قووڕاوا
ماسی ئەگرن!؟
-٨
دیکتاتورەکان!
تەنیا خەڵکی کۆمەڵگەکەیان
بەبێ دەنگی خۆش ئەوێ!؟
-٩
دیکتاتورو شەمشەمە کوێرە
لە یەک ئەچن
هەردوک تێدەکۆشن
هیچ کات...
شەو و کازیوەی بەری بەیان
بە یەک نەگەن
بەڵام بێ خەبەر لەوەی کە
کازیوەی بەری بەیان
بە سەرتاریکیدا زاڵ دەبیت
و ڕوناکی بەسەر گشت جیهان
دەست دادەگرێ
-١٠
شتێکی سەیر!
لە وڵاتی من
دزەکان هەر هەموویان
سەرکردەو پەرلەمانتارن
بەڵام !
لە ولاتە پێشکەوتووکان
دەست بەسەر و زیندانن

**خالید بایەزیدی / دلێر**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# مرۆڤ بوون بەفلتەری شیعریی کەژاڵ ئەحمەددا




نووسینی: جەماڵ نوری

* (جادەم لەپیاو خۆشتر دەوێ) ئەم ڕستەیەم لە چیرۆکێکی سەحەر ڕەسای یەوە وەرگرتووە. سەرەتای ئەم دەقەی "کەژاڵ ئەحمەد" لەو نیگەرانییەوە دەستپێدەکا کەبەرامبەرعەقڵیەتی باوی کۆمەڵگەیەکی داخراوی قەرەباڵغی پیاوسالارهەیەتی، لێرەدا ئاوا دەست پێدەکا..

جادە پێم ناڵێت، لە کوێوە بەرەو کوێ
کچی شێت.
جادە زوڵم و زۆر ناکات و
تیرۆریش نازانێ.
جادە هیچی لەپیاو ناچێ و
هیچی پیاو لەجادە ناچێ.
ئەو پێی وتم:
بڕۆ بەسەرما تێپەڕە
دەستت واڵابێت بەرانبەر گەورەبوون،
چونکە عەشق
بچوکترین بار هەڵناگرێ.
هەڵوەرینی باڵەکانی فڕینی ژن ئەوکاتەیە
کە بەکۆڵانی ئەوینی، پیاوێکی تاریکی، نەرجسیی
کوڕی جەهلدا ڕەتدەبێ.
شکانی گۆزەی ژیانی
بێگومان بەدەست دڵیەتی!

نیگەرانی شاعیر لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە بەپێی گەشەکردنی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگە، کۆمەڵگاکەی گەشەیەکی نەوعی نەکردوە، شاعیر خوێندنەوەیەکی عەقڵانی بۆی هەیە.

هایدیگەر ئەزموونی مرۆڤی هاوچەرخ، لەم وتەزایەیدا پۆخت دەکاتەوە کەدەڵێت: (مرۆڤ لە بووندا وێڵ دەبێت و خۆی لەیاد دەکات و بەخۆی بێگانە دەبێت، لەبەرئەوە بەهیچ جۆرێک ئاگاداری بوون نابێت و ئاوڕی لێناداتەوە). هەر لەبەرئەمەیە، دێت و ئەمە دەکاتە خاڵی دەسپێکی تەواوی فەلسەفەکەی. لەو بارەیەوە (مارگۆری گرین) ڕوونکردنەوە دەداتو دەڵێت: (ئەو خودەی لەخۆی هەڵدێت، چارەنووسی کەوتن و دۆڕانە. لەفەلسەفەی هایدیگەریشدا، ئەوە خاڵی دەسپێک و تێزەی سەرەکییە).

گەر هایدیگەر ویستی قوتارکردنی تاکەکەس بێت لەقەرەباڵغی و لەخەڵک، ئەوا نایەوێت ئەو پرۆسەیە بەدوور لەقەرەباڵغی یان خەڵک بەرێوەبچێت، بەڵکو بەدەستکاریکردن و گۆڕینی هەڵوێستی گاڕان و خەڵک، سەر پێی دەخات.

لەکتێبەکەدا (بوون و کات) دەڵێت: (بوونی ڕەسەنی مرۆڤ لەهەلومەرجی هەڵاوێردی خوددا، وەک دۆخێکی دابڕاو لەوانی دی پایەدار نابێت، بەڵکو بۆخۆی بریتییە لەگۆڕینی وجودیانەی قەرەباڵغی)..

لێرەوە لەنهێنی بایەخدانی بەردەوامی زمانی شیعریی کەژاڵ ئەحمەد، بەبوون تێدەگەین. کەینونە تاکە ڕێگەمانە بۆ لەباربردنی پرۆسەی بەشت بوون و ونبوون لەشتەکانداو مژۆڵبوون بەبونی لاوەکیەوە. بەم پێیە دەبینین لەم دەقەدا کەژاڵ ئەحمەد: (لەدەوری بابەتی سایکۆلۆژی و تایبەتی مرۆڤ دەسوڕێتەوە، بەڵام تەواوی دەقەکە خۆخەریککردنی بەردەوام و سەرقاڵ بوونێتی بەبابەتێکی قوڵتر و قورسترەوە. بەجۆرێک دەبینین بوونی تایبەتی کۆمەڵگەی پیاو سالاری بیری داگیرکردوە و دەیخاتە بەر ڕەخنەوە، ئەو دەخوازێ خەڵکی ئێمە بۆ دەربازبون لە کێشەکانیان، لە جاهیلیەکی گەورە، مەترسیدار دەبێت ڕەچاوی هیومانیزم بکەن.

هیومانیزم وەک چەمک و دنیابینی، خەمێکی گەورەی مرۆڤە لەگەڕانیدا بەدووی جەوهەری ئینسانی خۆیدا، گەڕانێکی ئۆدیسۆسیانەیە بەدووی سوبێکتدا، بەدووی خودی خۆی لەنێو دنیادا. هومانیزم بوونە لەنێو دنیایدا. هومانیزم هەمیشە لەژێر زەمینەکانی کولتووری کۆمەڵگەکاندا بەدووی خۆیدا دەگەڕێت و لەسەر بنەما کولتووریەکان خۆی فۆرم دەکاتەوە. فیمینیزم، وەک بزاوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی - فەلسەفی ویستی وابوو کە بەرێگەی ئەقڵانی و یاسایی چارەی کێشەکانی ئافرەت بکات. کێشە جێندەرییەکان بۆ کێشەی هزریی، دادپەروەریی، ماف و ڕەوایی ئاوەڵا بکات. فیمینیزم تیۆری ململانێی سترەکتۆرە کۆمەڵایەتیەکانە، بروای بەوە هەیە کە کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ململانێ بونیادنراوە، نەک بە تەنها ململانێی ئابووری و سیاسی یان کۆنترۆڵی دەسەڵات، بەڵکو لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزیی و ئەزموونی نێوان ژن و پیاو.

بەدرێژایی مێژوو، لە زۆربەی سەردەمەکان سیستەمێکی زاڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی، کە پیاو سالارانە بووە، دەسەڵاتداربووە. سیاسەتی ڕەگەزیی و دەسەڵات و حکومەتی ڕەگەزی بنیاتناوە و درێژکراوەی باوکسالاریی بووە. تەواوی سیستەمەکانیش بە هزر و ویستی پیاو دارێژراون، تەنانەت لەو وڵات و سیستەمانەشدا کە خاوەنی ژیار و شارستانێتین ژن وەک هەبوویەکی کۆمەڵایەتی و بونێکی جیاواز لە پیاو بەشداری کارای نەبووە و ڕێگەی پێنەدراوە بەشداری لە دارشتنی سیستەمەکاندا بکات. بۆ نموونە لە گریک و ڕۆمانی کۆندا، سەرباری شارستانێتی فەلسەفی و سیاسی کەچی ئافرەت بێ ماف بوون. تەنانەت لە 'دیموکراسی' گریکیدا، ئافرەت لە ریزی نامۆ و کۆیلە و ناهاوڵاتییاندا بوون و مافی بەشدارییان نەبوو لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسیدا، واتا ئافرەت هاوڵاتی نەبوو. لەسەردەمانی دواتردا، تێگەیشتن لە ئافرەت وەک بوونێکی ناو فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتی گۆرانکاری بەسەردا هات، بەجۆرێک بە هێواشی بەشداریی و کارایی ئافرەت لە ناو سیستەمە پیاوسالارییەکاندا گەشەی کرد و بە گوێرەی سەردەم و شارستانییەکان لە گۆرانکاریدا بوون.

مرۆڤ ئەو بوونەوەرە نامۆیەیە بەردەوام بەدووی خودی ئینسانی خۆیدا دەگەڕێت، جۆرێک گەڕانە بەدووی (خودێکی پەرتبوودا) لەنێوان حەزکردنێک بەوەی بازاڕیانە و وەحشیگەرانە پەلاماری دنیا بدەین، بۆئەوەی لەڕیزی بەهێزو سەرکەتووەکانی ژیاندا بین، لەنێوان ئەوەی مرۆڤبوونی خۆمان بدۆزینەوە. لەنێوان تەماع و چڵێسیدا لەسەر لیستی ونکردنی بوونی مرۆییمان و بوونمان وەک مرۆڤدۆستێک هەمیشە لەکێشەداین. ئێمەی مرۆڤ هەمیشە بەدەست مرۆڤبوونمانەوە دەناڵێنین. مرۆڤبوون بەدیوویکی تردا ئەو باجە قورسەیە کە سوکرات جارێک گووتوویەتی (باشترە زوڵم بچێژی وەک لەوەی زوڵم لەخەڵک بکەیت)، لەسوکراتەوە کە لەسەر زاری پلاتۆنەوە گێڕاویەتەوە، فێردەبین، باشتر وایە ئەو خودە بین کە پابەندین بەهومانبوونی خۆمانەوە وەک لەوەی دوور لەهومانیبوونی خۆمان پڕ بکەین بەدنیادا. سوکرات نموونەی ئەو کەسەیە کە هومانی بوونی خۆی پێش هەموو شتێک خستبوو، لەبازاڕەکانی ئەسینادا دەسوڕایەوە و ئەرکی خۆی لەوەدا دەبینیەوە خەڵکی هۆشیار بکاتەوە، لێرەوە هۆشمەندی بەڕای من بەشێکی گەورەی هومانیبوونمانە. ئەو هوشیارییە لەڕۆمدا شێوازێکی تری وەرگرت ئیدی دۆزینەوەی (ڕۆحێکی باڵا) بەشێکی تری ئەو گەڕانەیە بەدووی مرۆڤدا. کە کەژاڵ ئەحمەدی شاعیر گرتویەتیە بەر مرۆڤ لێرەو مرۆڤبوون لەشوێنێکی تر، مرۆڤ لەنێو جەنگەکاندا و مرۆڤبوون لەنێو ئاشتیدا، مرۆڤ لەتیژکردنەوەی ململانێکان و مرۆڤبوون لەنێو لێبوردەییدا، مرۆڤ لەنێو تەماع و مرۆڤبوون لەنێو زوهدیەتدا. مرۆڤ لەنێو خودی خۆیدا وەک ئاژەڵێکی ڕامنەکراو، مرۆڤبوونیش وەک ڕامکراوێکی هۆشمەند□ بەمشێوەیە لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤبوونماندا دنیایەک لەگرفت و ئاڵۆزی خۆی ڕادەکێشێت.

سوودم وەرگرتوە لەم سەرچاوانە:-
١-هایدیگەر  الزمن و الوجود
٢-هیومانیزم  و ڕۆحی باڵا

---

## ٥ نیشتمانی تیرۆر... جادەم لەپیاو خۆشتردەوێت!

**کەژاڵ ئەحمەد**

جادە پێم ناڵێت، لە کوێوە بەرەو کوێ
کچی شێت.
جادە زوڵم و زۆر ناکات و
تیرۆریش نازانێ.
جادە هیچی لەپیاو ناچێ و
هیچی پیاو لەجادە ناچێ.
ئەو پێی وتم:
بڕۆ بەسەرما تێپەڕە
دەستت واڵابێت بەرانبەر گەورەبوون،
چونکە عەشق
بچوکترین بار هەڵناگرێ.
هەڵوەرینی باڵەکانی فڕینی ژن ئەوکاتەیە
کە بەکۆڵانی ئەوینی، پیاوێکی تاریکی، نەرجسیی
کوڕی جەهلدا ڕەتدەبێ.
شکانی گۆزەی ژیانی
بێگومان بەدەست دڵیەتی!

جادەکە چەند میهرەبان بوو
خەیاڵی پیاسەیەکی
ڕۆژێ لە ڕۆژانی منی
بۆئەبەد لە دڵ دەرنەچوو.
کە مردیشم ناوی منیان
بەو جادە غەمبارە بەخشی!
جادەکە هیچ داوایەکی لێم نەبوو
کەچی هەموو جوانییەکی پێشکەش کردم.
ئەو دەستە درێژ و زبرەکانی
بەخوێنی هیچ ژنێ سوورنەبوون
بۆیە کە دەگەمە ویستگەی ژنکوژان
وا هەستدەکەم
جادەم لە پیاو خۆشتردەوێ.
خوا بمگرێ
ئەگەر پەشێمانبوومەوە
خوا کوێرمکاتخوابمگرێ
ئەگەر جادەی ژنە خوانەناسەکانم
لەهەموو پیاوانی دنیا خۆشتر نەوێ.
لەو جادەیە ...
پەڕینەوە چەندە خۆشبوو لەگەڵ کەسێ
قەدەر نەیهێشت یەکتریمان خۆشبووێت.
ڕاکردن چەند دڵڕفێن بوو لەگەڵ کەسێ
خۆی دوائەخست
بۆئەوەی پێشم نەکەوێ، بەڵکو من پێشیبکەوم.
پیاسە چەند بێمانایە لەجیهانی کەسانێکدا
پاش بڕینەوە درەختی
عومری ئەو هەموو ژنە تەنیایە.
ڕاست ناکەن کە دەڵێن
موبتەلای شەرەفین!
بەتەنیا جادەیەک بەسە
بۆ تێپەڕینی کەژاوەی ئازادیی.
جادەیەک مناڵەکانی پێدابچن بۆ خوێندنگا
کوڕان بۆ سەیری کچان و
کچانیش بۆ پێکەنین.
جادەیەک کەناوی خۆمی هەڵگرتبێ و
پەیکەری هیچ گەورە پیاوێکی لەسەر ڕێ نەبێ
بەرین بێ... بەرین بێ... بەرین.
وەکو دڵم
چۆڵ و هۆڵبێ سپێدە و ئێواران
وەک بێدەنگیی ماڵی شیعر و
جمەی بێت کاتەکانی تر
وەکو ناخم، کە لێوان لێوە لە ئینسان.

من جادەیەکم پێویستە
خاڵی بێ لە پەڵەی خوێن.
جادەیەک کە هەرگیز تیرۆری نەدیبێ
نەیناسیبێ
بێگەرد بێ... بێگەرد بێ... بێگەرد
وەک داوێنی ئەو کچانەی بەناهەق دەکوژرێن
درێژبێ... درێژبێ... درێژ
وەکو ئاهو نزولەیان.

ڕاستت دەوێ...
لە سەرەتای ڕێگەکەدا
من مارکسێکم پێویست بوو
نەک قەمبوورەکەی نۆتردام*
لە کۆتایی گەشتەکەشدا
هەستدەکەم، کەوا خولقاوم
بۆ یەکێ لە شێوە و ناخی عومەر خەیام.


لەو جادەیە ...
هەموومان ڕێبوارین
بەڵام من هەر بە ڕێبواری دەمێنمەوە.
هیچ چوارینەیەکی خەڵکی نیشاپوریش
لە ناکاودا، بە باوەڕبەخۆ بوونەوە
بەدمەستانە و بە عەشقەوە
قۆڵناکات بە قۆڵما.

حەیف جادە تەواو دەبێ
چاوی هەموو ژنە خوانەناسەکانیش
نامورادانە جووتدەبن
کەچی هێشتا
ئەوەتا من لەسەرەتای خەوندام و
چاوم تازە
فرمێسکی ئەوین و ئومێدی تێدەزێ!

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

# چ مەشخەڵێك لە ئایدیا كوژایەوە چ دڵێك لە لێدان وەستا(81)

## نووسینی: لینین بۆ مەرگی فریدریك ئەنگلس



لە 5 ی ئۆگەستی 1895 ئەنگلس لە لەندەن كۆچی دوایی كرد، لە پاش ماركس (كە لە ساڵی 1883 مرد) هاوڕێی مەزنترین مامۆستا و ڕێ نیشاندەری پرۆلیتاریای هاوچەرخ بوو لە جیهاندا. لەوكاتەوە كە چارەنووس كارڵ ماركس و فریدریك ئەنگلسی پێكەوە كۆكردەوە، ئەم دوو هاوڕێیە كارەكانیان خستە خزمەتی ئامانجێكی هاوبەشەوە. بۆیە، بۆ تێگەیشتن لەو خزمەتەی ئەنگلس پێشكەشی پرۆلیتاریای كردوە، پێویستە بەڕوونی لە ڕێباز و كارەكانی ماركس بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی كرێكاری هاوچەرخ تێ بگەین. ماركس و ئەنگلس پێش هەمووان ئاشكرایان كرد كە چینی كرێكار و داخوازییەكانی بە شێوەی زەڕوورەت لە هەناوی ئەم سیستمی ئابوورییەوە دێتەبوون، ئەو سیستمە ئابوورییەی كە لەگەڵ دروستكردنی چینی بۆرژوازیدا، بە شێوەیەكی حەتمی پرۆلیتاریاش دروست دەكات و ڕێكی دەخات. ئەوەیان ڕوون كردەوە كە بە نیازی باش و چاكەخوازییانەی تاكەكەسی، مرۆڤایەتی لە نەهامەتییەكانی ڕزگار ناكرێت، بەڵكو لە ڕێگەی خەباتێكی چینایەتییەوە ڕزگار دەكرێت كە پرۆلیتاریای ڕێكخراو ئەنجامی دەدات. ماركس و ئەنگلس پێش هەمووان لە بەرهەمە زانستییەكانیاندا ئەوەیان سەلماند كە سۆشیالیزم تەنها بەرهەمی خەون و خەیاڵی كەسەكان نییە، بەڵكو ئامانجی كۆتاییە و ئانجامێكی پێویستیشە بۆ پەرەسەندنی هێزەكانی بەرهەمهێنان لە كۆمەڵگەی مۆدێرندا. ئەو مێژووەی تا ئێستا نووسراوە مێژووی ململانێی چینەكان بووە، زاڵبوونی چینە كۆمەڵایەتییەكان بەسەر یەكتردا بەدوای یەكدا هاتووە. ئەم حاڵەتەش بەردەوام دەبێت تاوەكوو پایەكانی ئەم ململانێیە و باڵادەستی چینایەتی بەردەوام بێت،– واتا تا ئەو كاتەی خاوەندارێتیی تایبەت و بەرهەمهێنانی كۆمەڵایەتی ناڕێك بەردەوام بێت. نەمانی ئەم پایانە لە قازانجی پرۆلیتاریادایە، لەبەر ئەم هۆكارە، پێویستە خەباتی چینایەتیی كرێكار و ڕێكخراوەكان دژ بەم پایانە بێت. بەهەر حاڵ، هەموو خەباتێكی چینایەتیی هاوكات خەباتێكی سیاسییشە.

هەموو پرۆلیتاریا خەباتگێڕەكان بۆ ڕزگاربوونیان پەنایان بۆ ئایدیاكانی ماركس و ئەنگلس بردووە، بەڵام كاتێك لە چلەكاندا ئەم دوو هاوڕێیە بەشدار بوون لە بڵاوكراوە سۆسیالیستی و بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكانی ئەو سەردەمە، ئەم ئایدیایانە زۆر نوێ دەهاتنە پێش چاو. ئەو كات كەسانی بەهرەمەند و بێبەهرە، كەسانی پاك و ناپاك هەبوون، كە بە هۆی ڕۆچوونیان لە خەباتكردن بۆ ئازادیی سیاسی و بەگژداچوونەوەی ستەمی پاشا و پۆلیس و قەشەكان، نەیاندەتوانی دژییەكی نێوان بەرژەوەندییەكانی بۆرژوازی و پرۆلیتاریا ببینن. بڕوایان بەوە نەبوو كە كرێكاران بتوانن وەكو هێزێكی كۆمەڵایەتی سەربەخۆ كار بكەن. لەلایەكی دیكەوە، زۆرێك لە بلیمەتە خەیاڵ پڵاوەكان، بڕوایان وابوو دەشێت بە قایلكردنی دەسەڵاتداران و چینە باڵادەستەكان بە نادادیی ئەم سیستمە كۆمەڵایەتییە باڵادەستە، ئاشتی و خۆشگوزەرانی لەسەر زەوی بچەسپێت. ئەوان خەونیان بە سۆشیالیزمەوە دەبینی، بە ترسەوە تەماشایان دەكرد كە چۆن ئەم هەوكردنە لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازیدا زیادی دەكرد، بۆیە هەموو ڕێگەیەكیان دەگرتەبەر، بۆ وەستاندنی پەرەسەندنی پیشەسازی و پرۆلیاتریا، بۆ وەستاندنی ڕەوڕەوەی مێژوو. پێچەوانەی ئەو ترسەی كە سەبارەت بە پەرەسەندنی پرۆلیتاریا هەبوو، ماركس و ئەنگلس هەموو ئومێدی خۆیان خستبوە سەر پەرەسەندنەكەی. تاوەكو ژمارەی پرۆلیتاریا زیاتر بێت، وەكو چینێكی شۆڕشگێڕ بەهێزتر دەبن، هاتنەدی سۆشیالیزمیش نزیكتر و مومكینتر دەبێت. دەتوانرێت بە چەند وشەیەك گوزارشت لەو خزمەتە بكرێت كە ماركس و ئەنگلس پێشكەشی چینی كرێكارییان كردووە: چینی كرێكارییان فێركرد خۆی بناسێت، فێریان كرد هۆشیار بێت بە خۆی، زانستیان خستە جێگەی خەونەكان.

بۆ هەموو كرێكارێك پێویستە ئاشنای ناو و ژیانی ئەنگلس بێت. پێویستە لەم كتێبەدا،– كە هاوشێوەی چاپكراوەكانی تر، ئامانجی زیندووكردنەوەی هۆشیاریی چینایەتییە لای هەموو كرێكارانی ڕووسیا– چیرۆك و ژیان و چالاكییەكانی ئەنگلس باس بكەین، وەكو یەكێك لە مەزنترین مامۆستاكانی پرۆلیتاریای مۆدێرن.

ئەنگلس لە ساڵی 1820 لە بارمێن لە دایك بوو، (بارمێن شارێكە لە هەرێمی ڕاینی سەر بە شانشینی پروسیا). باوكی خاوەن كارگە بوو. ساڵی 1838 لەبەر هۆكاری خێزانی و پێش تەواكردنی خوێندنی دواناوەندی، ئەنگلس ناچار بوو لە دامەزراوەیەكی بازرگانیدا كار بكات لە بارمێن، بەڵام كاری بازرگانی ئەنگلسی دوور نەخستەوە لە خۆ پەروەردەكردنی زانستی و سیاسی. لە سەردەمی خوێندكارییەوە ڕقی لە ئۆتۆكراسی و ستەمی بیرۆكراتەكان بووە. دیراسە فەلسەفییەكانی زۆر دوورتر پەلكێشیان كرد. ئەو سەردەمە ڕێبازی هێگڵ فەلسەفەی ئەڵمانی داگیر كردبوو؛ ئەنگلسیش بوو بە لایەنگری ئەو ڕێبازە. هەرچەند خودی هێگڵ سەرسام بوو بە دەوڵەتی بیرۆكراتی پروسیا و وەكو مامۆستا لە زانكۆی بەرلیندا خزمەتی دەكرد، بەڵام ڕێبازەكەی شۆڕشگێڕانە بوو. باوەڕی هێگڵ بە عەقڵ و مافی مرۆڤ، هەروەها بنەما سەرەكییەكەی فەلسەفەی هێگلیزم كە پێی وایە گەردوون لە پرۆسەیەكی بەردەوامی گۆڕان و پەرەسەندندایە، ڕێبەرایەتی خوێنكارانی– ئەوانەی بە واقیعەكە ڕازی نەبوون– فەیلەسوفە بەرلینەكەی كرد بۆ بیركردنەوە لەوەی خەباتكردن دژی ئەم واقیعە، دژی ئەم ستەم و خراپەكارییەش، بەشێكە لە یاسا گەردوونییەكەی پەرەسەندنی بەردەوام. ئەگەر هەموو شتێك لە پەرەسەندندایە، ئەگەر دامەزراوەكان جێگەی یەكتر دەگرنەوە، ئیتر بۆچی دەبێت ئۆتۆكراسی پاشای پروسیا قەیسەری ڕووسیا تاهەتایە بمێنێتەوە، بۆچی دەبێت دەوڵەمەندبوونی كەمینە لەسەر شانی زۆرینەی دانیشتوان بەردەوام بێت، بۆچی دەبێت باڵادەستی بۆرژوازی بەسەر گەلەوە بەردەوام بێت؟ فەلسەفەی هێگڵ تایبەت بوو بە پەرەسەندنی ئەقڵ و ئایدیاكان. فەلسەفەیەكی ئایدیالیستی بوو، چونكە وەهای دەبینی كە پەرەسەندنی سروشت و مرۆڤ و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان پەرەسەندنی ئەقڵە. ماركس و ئەنگلس ئایدیاكەی هێگڵیان سەبارەت بە پرۆسەی پەرەسەندنی بەردەوام پاراست□□□، بەڵام ئەو دیدگا ئایدیالیستییە گریمانەكراوەیان ڕەتكردەوە. بە پشت بەستن بە ژیان، سەرنجیان دا، كە پەرەسەندنی ئەقڵ ڕاڤەی پەرەسەندنی سروشت ناكات، بەڵكو بە پێچەوانەوە، دەبێت سەرچاوەی ئەقڵ بگەڕێنینەوە بۆ سروشت، بۆ مادە... پێچەوانەی هێگڵ، هیگڵستییەكانی تر، ماركس و ئەنگلس ماتریالیست بوون. ئەوان كە دیدگایەكی ماتریالیستییان لەمەڕ جیهان و مرۆڤایەتی هەبوو، سەرنجیان دا، وەكو چۆن هۆكارە ماتریالییەكان بناغەی هەموو دیاردە سروشتییەكانن، بەهەمان شێوە پەرەسەندنی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەندە بەپەرەسەندنی هێزە ماتریاڵییەكان و هێزەكانی بەرهەمهێنان. پەیوەندییەكانی نێوان مرۆڤەكان، ئەو پەیوەندییانەی لە كاتی بەرهەمهێنانی پێویستییە مرۆییەكاندا بە زەرووڕەت پەیدا دەبن، پەیوەستن بە هێزەكانی بەرهەمهێنانەوە. لە ناو ئەم پێوەندییانەدا دەتوانین بگەڕێین بەدوای ڕاڤەكردنی هەموو دیاردە كۆمەڵایەتییەكانی ژیان و ئامانج و ئایدیا و یاسا مرۆییەكان. پەرەسەندنی هێزەكانی بەرهەمهێنان خاوەندارییەتی لە زۆرینە دەسەنێتەوە و لە دەستی كەمینەیەكدا قەتیسی دەكات. ئەمە خاوەندارێتی لە ناو دەبات، كە بناغەی سیستمی كۆمەڵایەتی مۆدێرنە، خۆبەخۆ بەرەو ئەو ئامانجە هەنگاو دەنێت كە سۆشیالیستەكان چاوەریی دەكەن، بەڵام گرنگ ئەوەیە، ئەم سۆشیالیستانە درك بكەن بەوەی كام هێزی كۆمەڵایەتی، بەهۆی هەلومەرجەكەیەوە لە كۆمەڵگەی مۆدێرندا، بەرژەوەندی لە بەدیهێنانی سۆشیالیزمدایە، تاوەكوو ئەم هێزە لە بەرژەوەندی و ئەركە مێژووییەكەی هۆشیار بكەنەوە. ئەم هێزە بریتییە لە پرۆلیتاریا. ئەنگلس لە ئیگلتەرا ئاشنای پرۆلیتاریا بوو، لە سەنتەرێكی پیشەسازی ئینگلیزیدا لە مانشستەر، كاتێك لە ساڵی 1842 دا لە دامەزراوەیەكی بازرگانیدا كاری دەكرد، كە باوكی تێیدا پشكی هەبوو. ئەنگلس بەم كاركردنە سادەیە لە ئۆفیسی كارگە قایل نەبوو، بەڵكو دەچووە ئەو گەڕەكە خراپانەی كە كرێكاران تێیدا دەژیان، لەوێدا بە چاوی خۆی هەژاری و نەهامەتییەكانی دەبینی. تەنها بە سەرنجەكانی خۆیەوە نەوەستا، بەڵكو هەموو ئەو سەرنج و نووسینانەشی خوێندەوە كە كەسانی تر سەبارەت بە دۆخی چینی كرێكاری ئینگلتەرا نووسیوویان، هەموو ئەو دیكۆمێنتە فەرمییانەی دیراسە كرد كە دەستی پێیان گەیشت. كتێبەكەی بە ناونیشانی (دۆخی چینی كرێكار لە ئینگلتەرا)، كە ساڵی 1845 بڵاوكرایەوە، بەرهەمی ئەم دیراسە و سەرنجدانە بوو. پێشتر باسی ئەو خزمەتەمان كرد كە ئینگلس لە ڕێگەی كتێبی (دۆخی چینی كرێكار لە ئینگلتەرا)ەوە پێشكەشی كردووە. زۆر كەس هەبوو، تەنانەت پێش ئینگلس باسیان لە ئازارەكانی پرۆلیتاریا كردووە و بە پێویستییان زانیوە هاوكارییان بكرێت، بەڵام ئەنگلس، یەكەم كەس بوو سەلماندی پرۆلیتاریا تەنها ئەو چینە نییە ئازار دەچێژێت، بەڵكو دۆخە خراپە ئابوورییەكەی پاڵی پێوە دەنێت و هانی دەدات بۆ خەباتكردن لە پێناو ڕزگاركردنی تەواوەتی خۆی. دوای ئەوەش، پرۆلیتاریای خەباتگێڕ خۆی هاوكاری خۆیەتی. بزوتنەوەی سیاسیی چینی كرێكار بە شێوەیەكی حەتمی كرێكاران ناچار دەكات بۆ بیركردنەوە لەوەی كە جگە لە سۆشیالیزم هیچ ڕێگەیەك بۆ دەربازبوون نییە. لەلایەكی دیكەوە، سۆشیالیزم تەنها ئەو كاتە دەبێتە هێز، كە دەبێتە ئامانج بۆ خەباتی سیاسی چینی كرێكار. ئەمە ئایدیا سەرەكییەكانی ئەنگلسە سەبارەت بە دۆخی چینی كرێكار لە ئینگتەرا، ئەمڕۆ ئەم ئایدیایانە لەلای هەموو ئەو پرۆلیاتاریایانە قبوڵ كراوە كە بیر دەكەنەوە و خەبات دەكەن، بەڵام بۆ ئەو سەردەمە تەواو نوێ بوون. ئایدیاكانی ناو ئەم كتێبە بە ستایلێكی سەرنجڕاكێش داڕێژراون. هەروەها بەشێوەیەكی ڕاستگۆیانە و ترسناك وێنای دۆخی نالەباری پرۆلیتاریای ئینگلتەرای كردووە. ئەم كتێبە تۆمەتباركردنێكی ترسناك بوو دژی سەرمایەداری و بۆرژوازی. كاریگەرییەكی گەورەشی بەجێ هێشت. لە هەموو جێگەیەكدا كتێبەكەی ئینگلسیان وەكو بەڵگە دەهێنایەوە بۆ گوزارشتكردن لە دۆخی خراپی پرۆلیتاریای مۆدێرن.

بەڕاستیش پێش ساڵی 1845 و دوای ئەو ساڵەش، نەتوانراوە بەم شێوەیە گوزارشت لە نەهامەتییەكانی چینی كرێكار بكرێت.

ئینگلس لە ئینگلتەرا بوو بە سۆشیالیست. لە مانشستەر پێوەندی لەگەڵ ئەندامانی بزووتنەوەی كرێكاری ئینگلیزی ئەو سەردەمە درووست كرد. لە چاپكراوە سۆشیالیستییە ئینگلیزییەكاندا دەینووسی. لەكاتی گەڕانەوەیدا بۆ ئەڵمانیا لە ساڵی 1844 و لە تێپەڕینیدا بە پاریس ئاشنای ماركس بوو. پێش ماوەیەكی كەمیش نامەگۆڕینەوە لە نێوانیاندا هەبوو. ماركس، لە پاریس بوو بە سۆشیالیست، ئەمیش لە ژێر كاریگەری سۆشیالیستە فەرەنساییەكان و شێوازی ژیانی فەرەنسی. لەوێدا ئەو دوو هاوڕێیە پێكەوە كتێبێكیان نووسی بە ناونیشانی (خێزانی پیرۆز، یان ڕەخنە لە ڕەخنەی ڕەخنەگران). ئەم كتێبە بەشی هەرە زۆری لەلایەن ماركسەوە نووسرا بوو. هەروەها ساڵێك پێش بڵاوبوونەوەی كتێبی »دۆخی چینی كرێكار لە ئینگلتەرا « بڵاوكرایەوە، كە بناغەیەك بوو بۆ ئەو سۆشیالیزمە ماتریالیستییە شۆڕشگێڕییەی كە پێشتر باسمان لە ئایدیا سەرەكییەكانی كرد. »خێزانی پیرۆز «ناوێكی گاڵتەئامێزە بۆ برایانی باوەری فەیلەسوف و شوێنكەوتوانیان. ئەم بەڕێزانە بانگەشەیان بۆ ڕەخنەیەك دەكرد كە لە سەرووی هەموو واقیعێكەوەیە، لەسەرووی پارتەكان و لەسەرووی سیاسەتەوەیە، هەموو چالاكییەكی پراكتیكی ڕەت دەكاتەوە، لەگەڵ تێڕاماندایە لە جیهانی دەوروبەر و ڕوداوەكانی ناو ئەم جیهانە »لە دیدگایەكی ڕەخنەگرانەوە .«ئەم دوو باوەرە بەڕێزە لەسەرەوە دەیانڕوانییە پرۆلیتاریا، وەك چینێكی خالی لە بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە لێیان دەڕوانی. ماركس و ئەنگلس بەتوندی دژی ئەم ڕەوتە زیانبەخش و پووچە وەستانەوە. بە ناوی كەسایەتییەكی مرۆییی ڕاستەقینەوە – ئەو كرێكارەی لە لایەن چینی دەسەڵاتدار و دەوڵەتەوە دەچەوسێنرێتەوە – داوای خەباتیان دەكرد لە پێناو ڕێكخستنێكی باشتری كۆمەڵگە، نەوەك داوای تێڕامان. ئەوان تەنها پرۆلیاتاریایان بەو هێزە دەبینی كە بەرژەوەندی لەم خەباتەدایە و لە توانایدایە ئەنجامی بدات. پێش بڵاوبوونەوەی كتێبی »خێزانی پیرۆز«، ئەنگلس لە گۆڤارەكەی ماركس و ڕۆگەدا »ساڵانەی فەرەنسی و ئەڵمانی 83«بەرهەمێكی بە ناونیشانی »توێژینەوەیەكی ڕەخنەیی سەبارەت بە ئابووری سیاسی 84« بڵاوكردەوە، لەم بەرهەمەدا، لە ڕوانگەیەكی سۆشیالیستانەوە دیاردە سەرەكییەكانی سیستمی ئابووری هاوچەرخی شیكردەوە، ئەم سیستمەی وەك دەرئەنجامێكی حەتمی باڵادەستیی خاوەندارێتیی تایبەت خستە ڕوو. پێوەندییەكانی ماركس بە ئینگلسەوە هاندەری ماركس بوو بۆ گرینگیدان بە ئابووری سیاسی، ئەو زانستەی كە لە ڕێگەی بەرهەمەكانییەوە شۆڕشێكی تێدا بەرپا كرد.

لە ساڵی 1845 تاوەكوو 1847، ئەنگلس لە برۆكسل و پاریس دەژیا، لەم دوو شارەدا توێژینەوە زانستییەكانی و چالاكییە پراكتیكییەكانی لە ناو كرێكارە ئەڵمانییەكاندا پێكەوە گرێ دابوو. لەو كاتەدا، ماركس و ئەنگلس پێوەندییان درووست كرد لەگەڵ ڕێكخراوێكی نهێنی ئەڵمانی بە ناوی »كۆمەڵەی كۆمۆنیستەكان85«، كە

بەڵێنیان پێ دابوون ئەو پرنسیپە سەرەکییانە بڵاوبکەنەوە کە ئەمان دایان ڕێژابوو. بەم چەشنە لە ساڵی 1848 مانیڤێستە بە ناوبانگەکەیان »مانیڤێستی کۆمۆنیست «بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە بچکۆلەیە هاوتای چەندین بەرگی گەورەیە: تائێستایش ورە بەخش و پاڵنەرێکی گەورەیە، بۆ تەواوی پرۆلیتاریای ڕێکخراو و خەباتگێڕی جیهان.

بەڵام شۆڕشی 1848، کە سەرەتا لە فەرەنسا بەرپا بوو، دواتریش پەلی کێشا بۆ وڵاتانی تری ئەورووپای خۆرئاوا، مارکس و ئەنگلسی ناچارکرد بگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان. لە پروسیای ڕەینی سەرپەرشتی ڕۆژنامەیەکی دیموکراسییان دەکرد بە ناوی »ڕۆژنامەی ڕەینی نوێ «کە لە شاری کۆلۆنیا دەردەکرا. ئەم دوو هاوڕێیە ئیلهامبەخشی هەموو هەوڵە شۆڕشگێڕییە دیموکراسییەکان بوون لە پروسیای ڕەینیدا. بە هەموو هێزیانەوە بەرگریان لە بەرژەوەندی گەل و ئازادی دەکرد دژی هێزە کۆنەپەرستەکان. وەک دەزانین ئەمانەی دواتر باڵادەست بوون. »ڕۆژنامەی ڕەینی نوێ « داخرا. کاتێکیش مارکس لە کاتی کۆچکردنیدا ناسنامەی پروسیەکەی ون کرد، لەوێ دەرکرا، بەڵام ئینگلس لە ڕاپەڕینی چەکداری جەماوەردا بەشدار بوو. لە سێ جەنگی ئازادیخوازانەدا بەشداری کرد، پاش شکستی شۆڕشگێڕان، لەڕێگەی سویسراوە هەڵهات بۆ لەندەن. مارکسیش لە لەندەن نیشتەجێ بوو. بەڵام ئینگلس دووبارە گەڕایەوە سەر کارەکەی پێشوو، دواتریش بوو بە پشکدار لە هەمان دامەزراوەی بازرگانیدا، لە مانچیستەر، کە لە چلەکاندا کاری تێدا دەکرد. تاوەکوو ساڵی 1870، ئەنگلس لە مانچیستەر و مارکس لە لەندەن ژیا، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو لە لێکچوون و یەکێتیی بەهێزی نێوان ئایدیاکانیان. ڕۆژانەش نامەیان دەگۆڕییەوە. لەم نامانەشدا بۆچوون و زانیارییەکانیان دەگۆڕییەوە. پێکەوە سەرقاڵی داڕشتنی سۆشیالیزمی زانستی بوون. لە ساڵی 1870 ئەنگلس گەیشتە لەندەن، هاوشان لەگەڵ مارکس دا بە چالاکییەکی زیاترەوە بەردەوامیيان بە کارە تیۆرییەکانیان دا، تاوەکو ساڵی 1883، کە ساڵی مردنی مارکسە. بەرهەمی ئەم کارەش بۆ مارکس کتێبی »سەرمایە «بوو، مەزنترین نووسین بوو دەربارەی ئابوری سیاسی؛ بۆ ئەنگلسیش، چەندین بەرهەمی گەورە و بچووک بوو. مارکس سەرقاڵی شیکردنەوەی دیاردە ئاڵۆزەکانی ئابووریی سەرمایەداری بوو. ئەنگلسیش لە بەرهەمەکانیدا، بەشێوەیەکی سادە، زۆرجاریش مشتومڕئامێز، گشتگیرترین پرسە زانستی و دیاردەکانی ئێستا و ڕابردووی دەخستە بەر باس، ئەمەیش بەگوێرەی تێگەیشتنی ماتەریالیستیانە بۆ مێژوو و تیۆریە ئابوورییەکەی مارکس. لەو بەرهەمانەی ئەنگلس، کتێبێکی مشتومڕئامێز بوو دژی دۆرینگ (تێیدا گرنگترین پرسە فەلسەفییەکان، زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی شیکردەوە)، هەروەها کتێبەکەی تری بە ناونیشانی »ڕەچەڵەکی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت ) «وەرگێڕانە ڕووسییەکەی لەسانت پیتیرسبۆرگ بڵاوکرایەوە، چاپی سێیەم، 1895 ). و »لودویگ فیورباخ 88«(وەرگێڕانە ڕووسییەکەی لەگەڵ سەرنجەکانی پلیخانۆف، ژنێڤ، 1892 ) ، وتارێک دەربارەی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ڕووسیا (وەگێڕانە ڕووسییەکەی لە ڕۆژنامەی »سۆسیال دیموکرات «، ژمارەکانی یەکەم و دووەم، لە ژنێڤ بڵاوکرایەوە) چەند وتارێکی ناوازە دەربارەی پرسی نیشتەجێبوون 89، لە کۆتایشدا، دوو کورتە وتاری گرنگی دەربارەی پەرەسەندنی ئابوری لە ڕووسیا ( »فریدریک ئەنگلس دەربارەی ڕووسیا دەنووسێت«، لەلایەن زاسولیچ وەرگێڕدرا، ژنێڤ، 1894 ). مارکس پێش تەواوکردنی بەرهەمە مەزنەکەی سەبارەت بە سەرمایە کۆچی دوایی کرد، بەڵام دەستنووسەکەی ئامادەبوو، بەم شێوەیە پاش مردنی هاوڕێکەی، ئەنگلس ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرت، بەرگی دووەم و سێیەمی کتێبی »سەمایە«ی ئامادەکرد و بڵاویکردەوە. بەرگی دووەمی لە ساڵی 1885 و بەرگی سێیەمی لە ساڵی 1894 بڵاوکردەوە (مەرگ دەرفەتی نەدا بەرگی چوارەمیش ئامادە بکات)92. بە ئامادەکردنی ئەو دوو بەرگەوە زۆر ماندوو بوو. ئەدلەر، سۆشیال دیموکراتی نەمسایی، دەڵێت ئەنگلس بە بڵاوکردنەوەی بەرگی دووەم و سییەمی »سەرمایە«، مۆنۆمێنتێکی مەزنی بۆ هاوڕێکەی درووست کرد، مۆنۆمێنتێک، کە بەبێ ئەوەی خۆی بیەوێت، ناوی خۆیشی لە پاڵ ناوی مارکس لەسەری نووسراوە. ئەم دوو بەرگەی »سەرمایە«، بەڕاستی کاری هاوبەشی مارکس و ئەنگلس بوو. ئەفسانەی کۆن هەن سەبارەت بە هاوڕێیەتی. پرۆلیتاریای ئەورووپی دەتوانێت بڵێت زانستەکەیان لەلایەن دوو زانا و خەباتگێڕەوە دانراوە، کە هاوڕێیەتییەکەیان هەموو ئەو ئەفسانانەی تێپەڕاندوە کە سەبارەت بە هاوڕێیەتی لەناو خەڵکدا بەربڵاون. ئەنگلس بەردەوام – مافی خۆیەتی – لە پاش مەرگی مارکس پێگەی خۆی قایم کردبوو. بۆ یەکێک لە هاوڕێ کۆنەکانی دەنووسێت: »من بەردەوام دووەم کەمانچەژەن بووم لە پاڵ مارکسدا .93« خۆشەویستییەکەی بۆ مارکسی زیندوو، ڕێزگرتن لە مارکس و یادکردنەوەی بە مردوویی، بێسنوور بوو. ئەم خەباتگێڕە پتەوە، ئەم بیرمەندە مەزنە، خاوەنی ڕۆحێکی پڕ خۆشەویستی بوو.

پاش بزووتنەوەی 1848 – 1849، چالاکی مارکس و ئەنگلس لە تاراوگە تەنها لە زانستدا کورت نەبوویەوە. مارکس لە ساڵی 1864 »کۆمەڵەی کرێکارانی ئەنتەرناسیۆنال«ی دامەزراند، بۆ دە ساڵ سەرکردایەتی کرد، ئەنگلسیش ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بەڕێوەبردنیدا، بەڵام »کۆمەڵەی ئەنتەرناسیۆنال «کە بە بۆچوونی مارکس یەکخەری پرۆلیتاریای هەموو وڵاتەکانە، بایەخێکی زۆری هەبوو لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاریدا، هەرچەندە ئەم کۆمەڵەیە لە هەفتاکاندا هەڵوەشایەوە، بەڵام ڕۆڵی یەکخەرانەی مارکس و ئەنگلس نەوەستا. بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەتوانین بڵێین ڕۆڵیان وەکوو ڕابەری ڕۆحی بزووتنەوەی کرێکاری، بەردەوام زیاتر دەبوو، چونکە خودی بزووتنەوەکە بەردەوام لە پەرەسەندندا بوو.

پاش مردنی مارکس، ئەنگلس بەتەنها بوو بە پێشەوا و ڕابەری سۆشیالیستە ئەورووپاییەکان. سۆشیالیستەکانی ئەڵمانیا کە سەرەڕای ستەمی حکوومەت هێزەکەیان بەردەوام زیادی دەکرد، سۆشیالیستەکانی وڵاتە دواکەوتووەکانیش بەردەوام بۆ ئامۆژگاری و ڕێنمایی ڕوویان لێ دەکرد، بەهەمان شێوە ئیسپانیا و ڕۆمانی و ڕووسەییەکان کە دەبوو هەنگاوی یەکەمیان هەڵبسەنگێنن و بەدی بکەن. هەموویان ڕوویان لەم سەرچاوەیە دەکرد، سەرچاوەی مەعریفی و ئەزموونیەکەی ئەنگلسی بەتەمەن.

مارکس و ئەنگلس کە زمانی ڕووسیان دەزانی و کتێبیان بەم زمانە دەخوێندەوە، گرنگییەکی زۆریان بە ڕووسیا دەدا، سۆزێکی زۆریان بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ئەم وڵاتە هەبوو، پێوەندییان لەگەڵ شۆڕشگێڕە ڕووسەکان هەبوو. هەردووکیان پێش ئەوەی ببن بە سۆشیالیست، دیموکراتی بوون.

ئەو هەستە دیموکراتییەی کە وای کرد ڕقیان لە دیسپۆتیزمی (زۆرداریی) سیاسی بێت، زۆر بەهێز بوو. ئەم هەستە سیاسییە خۆرسکە، لەگەڵ تێگەیشتنێکی تیۆریی قووڵ لە پێوەندییەکانی نێوان دیسپۆتیزمی سیاسی و ستەمکاری ئابووری، لەگەڵ ئەزموونێکی دەوڵەمەند، هەموو ئەمانە وای کرد مارکس و ئەنگلس زیاتر لە کایەی سیاسیدا قووڵ ببنەوە. بۆیە ئەو خەبات و نەبەردانەی کە گروپێکی بچووکی شۆڕشگێڕە ڕووسییەکان دژی حکومەتی قەیسەری ئەنجامیان دا، هەست و سۆزی ئەم دوو شۆڕشگێڕەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. هاوکات، بە شێوەیەکی سروشتی بە گومانەوە دەیانڕوانییە ئەو نیازەی کە دەیویست لەژێر ناوی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی ئابووریدا، گرنگترین و هەنوکەییترین ئەرکی ئەم شۆڕشگێڕە ڕووسییەکان دوور بخاتەوە، کە ئەویش بەدەستهێنانی ئازادی سیاسییە، ئەم هەوڵەیان وەکو خیانەت کردن لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەبینی. مارکس و ئەنگلس بەردەوام دەیانگووت: »دەبێت ئازادکردنی پرۆلیتاریا لەلایەن خودی پرۆلیتاریاوە بێت94«، بەڵام بۆ ئەوەی پرۆلیتاریا بتوانێت خەبات لە پێناو ئازادی ئابووریدا بکات، پێویستە هەندێک ئازادی سیاسی بەدەست بهێنێت. لەلایەکی دیکەوە، مارکس و ئەنگلس بە ڕوونی ئەوەیان دەبینی کە شۆڕشی سیاسی لە ڕووسیا گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ بزووتنەوەی کرێکاری لە ئەورووپای خۆرئاواش، چونکە ڕووسیای ئۆتۆکراتیی بەردەوام قەڵایەک بووە بۆ پاراستنی کۆنەپەرستی لە تەواوی ئەورووپادا. پێگەی جیهانی ڕووسیا کە بەرهەمی جەنگی ساڵی 1870 بوو، کە بۆ ماوەیەکی زۆر تۆوی ناکۆکیی لە نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا چاند، بووە هۆی ئەوەی گرنگی ڕووسیای ئۆتۆکراتی وەکو هێزێکی کۆنەپەرست زیاتر بێت. تەنها ڕووسیایەکی ئازاد، کە پێویستی بە چەوساندنەوەی پۆلۆنییەکان و فینلەندییەکان و ئەڵمانییەکان و ئەرمەنییەکان و نەتەوە بچووکەکانی تر نەبێت، پێویستی بە هاندانی ئەڵمانیا و فەرەنسا نەبێت دژ بەیەکتر، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەورووپای مۆدێرن لە جەنگی بەردەوامی ڕزگاری بێت، دەبێتە هۆی لاوازبوونی هێزە کۆنەپەرستەکانی ئەورووپا، هەروەها بەهێزبوونی چینی کرێکاری ئەورووپا. لەبەر ئەم هۆکارە، لە پێناو سەرکەوتنی بزوتنەوەی کرێکاریی لە خوارئاواش، ئەنگلس هیوای دەخواست ئازادی سیاسی لە ڕووسیادا بچەسپێت. بە مردنی ئەنگلس، شۆڕشگێڕانی ڕووسیا باشترین هاوڕێیان لەدەست دا.

با هەمیشە یادی ئەنگلس بەرز ڕاگرین، مامۆستا و ڕابەری مەزنی پرۆلیتاریا.

لە بەهاری 1895 نووسراوە بەرگی دووەم

بۆ یەکەم جار لە 1896 بڵاوکرایەوە لاپەڕە 1 – 14

لە کۆمەڵەی »ڕابۆتینک«

کرێکار ( »ژمارە 1 – 2

١٠٥ مارکس و ئەنگلس چەندین جار ئاماژەیان داوە بەوەی کە ئەوان لە گەشەکردنی فیکریاندا قەرزاری فەیلەسووفە ئەڵمانییە مەزنەکانن، بەتایبەت هیگڵ ئەنگلس دەڵێت: »بەبێ فەلسەفەی ئەڵمانی سۆشیالیزمی زانستی بوونی نەدەبوو «.82

١٠٦ ئەمە کتێبێکی ناوازەیە، پەروەردەییە و ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندی هەیە [ 86 ] تایبەتە بە ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی سەبارەت بە پەرەسەندنی سۆسیالیزم »پەرەسەندنی سۆسیالیزمی زانستی .«چاپی دووەم ژنێڤ، 1892 ) [87 ]

تێبینییەکان:

– 81ئەم دێڕەی کە لینین لە پێشەکی وتاری »فریدریک ئەنگلس«دا دایناوە، لە شیعرێکی شاعیری ڕووسی نکۆلای ئەلکسیڤیچ نیکراسۆڤەوە وەرگیراوە بە ناونیشانی »بەیادی دوبرۆلیوبۆڤ «

–82ئەنگلس پێشەکی کتێبی »جەنگی جووتیاران لە ئەڵمانیا.«

–83لینین مەبەستی گۆڤاری

ە »)ساڵانەی فەرەنسی و ئەڵمانی »«Deutsch_ Franzosische Jahrbucher»

_84مەبەست لە بەرهەمەکانی ئەنگلسە بەناونیشانی »بەشدارییەک لە ڕەخنەی ئابوری سیاسی.«

85«کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان _«یەکەم ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی پرۆلیتاریا شۆڕشگێڕەکان بوو. لە سەرەتای ساڵی 1847 مارکس و ئەنگلس پێوەندییان کرد بە کۆمەڵەیەکی نهێنی ئەڵمانییەوە بەناوی »کۆمەڵەی دادگەری«لە حوزەیرانی 1847 دا، لە لەندەن کۆنگرای ئەم کۆمەڵەیە بەسترا؛ لە کۆنگرەدا ناوی کۆمەڵەکەیان گۆڕی بۆ »کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان .«هاوکات ئەو دروشمە تەمومژاوییەیان لابرد کە دەڵێت »هەموو مرۆڤەکان بران«لە بری ئەوە دروشمی »کرێکارانی جیهان، یەکگرن!«چەسپا.

»کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان «ئامانجی لەناوبردنی کۆمەڵگەی کۆن بوو، واتا کۆمەڵگای بۆرژوازی، کە لەسەر ئەنتاگۆنیزمی چینەکان وەستاوە، دەیانویست کۆمەڵگایەکی نوێ، خاڵی لە چینایەتی، بەبێ خاوەندارێتی تایبەت بونیادبنێن. لەسەر خواستی »کۆمەڵە «کە مارکس و ئەنگلس »مانڤیستی کۆمۆنیست«یان نووسی. »کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان «ڕۆڵێکی مێژوویی گەورەی گێڕا وەکوو یەکەم قوتابخانەی پرۆلیتاریا شۆڕشگێڕەکان، وەکو کۆرپەلەی پارتی پرۆلیتاریا، پێشینەیەک بوو بۆ کۆمەڵەی کرێکارانی ئەنتەرناسیۆنال (ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم) تاوەکو نۆڤەمبەری 1852 بەردەوام بوو.

86 -لێرەدا مەبەست لە کتێبەکەی ئەنگلسە بە ناونیشانی»ئەنتی دورینگ؛ شۆڕشی بەڕێز یوجین دورینگ لە زانستدا.«

87-بەرهەمەکەی ئەنگلس، لە ساڵی 1892 بە زمانی ڕووسی بەم ناونیشانە بڵاوکرایەوە »سۆسیالیزمی یۆتۆپی و سۆسیالیزمی زانستی «کە سێ بەش لە بەشەکانی کتێبەکەی ئەنگلس »ئەنتی دورینگ «لەخۆ دەگرێت.

88- ئەنگلس »لودویک فیورباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی .«

89 – لینین مەبەستی لە وتارەکەی ئەنگلسە بە ناونیشانی »سیاسەتی دەرەوەی قەیسەریەتی ڕووسیا «لە دوو ژمارەی سەرەتای گۆڤاری »سۆسیال دیموکرات «بڵاوکرایەوە.

90 – لینین مەبەستی لە ووتارەکەی ئەنگلسە بە ناونیشانی »دەربارەی پرسی نیشتەجێبوون.«

91لێرەدا مەبەست لە وتارەکەی وتارەکەی ئەنگلس بە ناونیشانی »دەربارەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووسیا «و پاشکۆکانی ئەم وتارەیە کە لە کتێبی »فریدریک ئەنگلس و

بۆ لاپەڕە 14

# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

**بەشی سێهەم**



**ئینتەرناسیۆنال: ئێوە دەڵێن دیموکراسی دەستەواژەیەکە بۆ توێژێک کە دەیەوێ دەرگا داخراوەکانی دەسەڵات بە ڕووی خۆیدا بکاتەوە، یان بە دەربڕینێکی تر، فراوانکردنەوە و پەرەپێدانی پایەی حقوقیی دەسەڵات و بەشداریکردنی توێژگەلێکی هەرچی زیاترە لە دەسەڵاتدا. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە وا دەکات، لە بیروڕای گشتیدا ڕەوایی بە دیموکراسی بدات و داواکاری لەسەر بێت، واتە ئازادیی فەردی و ئازادیی تاکەکەس لە دەخاڵەتکردن لە کاروباری کۆمەڵدا. بە ڕای ئێوە ئەمە هیچ کەمایەسییەکی تێدایە؟**

**مەنسوور حیکمەت:** بەگشتیکردنی پایەی حوقووقی و فۆرماڵیی دەسەڵاتی سیاسی، یانی ئەوەی کە من وتم لەگەڵ "بەشداریکردنی توێژگەلێکی هەرچی زیاتر لە دەسەڵاتدا"، وە یان "ئازادیی فەردی و ئازادیی تاکەکەس لە دەخاڵەتکردن لە کاروباری کۆمەڵدا" بەهیچ جۆرێک یەک شت نین. هەڵبەتە ئەوەی کە نە تەنها ڕەوایی بە دیموکراسی داوە، بەڵکوو کردوویەتی بە وشەیەکی پیرۆز لە فەرهەنگی سیاسیی خەڵکی و کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا، هەر ئەوەیە کە فراوانکردنەوەی حوقووقی فۆرماڵیی ڕێگەدان بە توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا، لەگەڵ ئازادیی تاکەکەس و لەگەڵ فەراهەم بوونی دەخاڵەتکردنی واقیعی هەر کەس لە کاروباری کۆمەڵدا، بە یەک شت دادەنێن. ئەمانە یەک شت نین. سەبارەت بەوەی کە دیموکراسی بەو شێوەیەی کە ئێوە پێناسەتان کرد، کە لە ڕاستیدا پێناسەی دیموکراسیی لیبراڵی بوو "چ کەمایەسییەکی هەیە" دواتر قسە دەکەم.

ئەو خاڵە سەرەکییەی کە من لە باسەکەمدا ئاماژەم پێ کرد، ئەوەبوو، کە دیموکراسی بە بێ پێشگر و پاشگر، شتێکی زیاتر لە فۆرموولاسیۆن و داواکارییەکی سیاسی لە چوارچێوەی سەرمایەداری، بۆ بەشداریکردنی توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی حوقووقی پێکهاتنی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیدا نییە. دیموکراسی بەم مانایە تەنانەت هێشتا نیشاندەری نیزام و پەیڕەوێکی سیاسیی تایبەت بۆ کۆمەڵ نییە. هاوتای داواکردن یان دانی ئازادی زیاتر بە تاکە کەس، یان بە "خەڵک" نییە. هەموو وڵاتانی دنیا، ژمارەیەکی کەمیان نەبێت، بەدەر لەوەی کە مەودای ئازادییە مەدەنییەکان تیایاندا چەندە، خۆیان بە دیموکراتیک دەزانن، چونکە دەتوانن پرۆسەیەکی شکڵی و حوقووقی نیشان بدەن کە تیایدا "خەڵکی" لە دیاریکردنی دەوڵەتدا بەشداری دەکەن. بە پێی لێکدانەوەی دیموکراسی لیبراڵی، ژمارەیەکی زۆر لەم وڵاتانە، بۆ نموونە حوکوومەتە مەدەنی و پەرلەمانییەکانی لایەنگری




ڕۆژئاوا لە ئەمەریکای لاتین و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، دیموکراتیک نین و نەبوون. بەپێی لێکدانەوەی دیموکراسیی خەڵکی، دیموکراسیی لیبراڵی خۆی دیموکراتیک نییە. بەڵام ئەمە جیاوازیی تێگەیشتنی لیبراڵی، جەنگی ساردیی، خەڵکی، ئانارشیستی، سۆسیال دیموکراتیک، تەکنۆکراتیک و ئەوانی تر لە دیموکراسی نیشان دەدات، نەک "واقیعی" نەبوونی دیموکراسی لەم یان لەو وڵاتدا.

وە سەرەنجام من جەختم لەسەر ئەوە کرد، کە ئێمە وەک سۆشیالیست پێش ئەوەی ئەم پێشگر و پاشگرانە بخەینە نێو باسەکەمانەوە، ناکۆکییەکی تەواومان لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکە هاوبەشەی کە لە پشت هەموو ئەم تێگەیشتنانەوە حەشاردراوە هەیە، واتە قەبووڵکردنی ئەم بناغە ئابوورییەی کە لە ئارادایە و هێنانەخوارەوەی مەسەلەی ڕزگاریی سیاسی بە بەشداریکردنی تاکەکەس یان "توێژەکان" لە پرۆسەی شکڵی و حوقووقیی پێکهێنانی دەوڵەتدا. دیموکراسی لە شێوە تێڕوانینە جیاجیاکانی تا ئێستایدا، میکانیزمێکە (هەر وەکوو لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژەی پێ دەکات، مەبەست لە دیموکراسیی جەنگی ساردیی دیموکراسیی ڕۆژئاواییە/وەرگێڕ) بۆ ئەوەی حوکوومەتی چینایەتی و لە ناوەڕۆکدا سەروخەڵکیی بۆرژوازی وەک حوکوومەتێکی خەڵکی نیشان بدات و مەشروعییەتی پێ بدات.

وە بیرتانی دێنمەوە یەکەم، سەرکەوتنی دیموکراسی بەسەر حوکوومەتە ملهوڕەکان لە ئەورووپادا بە هیچ جۆرێک نەبووە هۆی ئەوەی کە تاکە کەس بتوانێ لە دیاریکردنی دەسەڵاتدا، بە هەمان مانای شکڵی فۆرماڵیش بەشداری بکات، تا دەیان ساڵ ئەو هاووڵاتییەی کە مافی هەڵبژاردنی هەبوو لە سیستەمە دیموکراسییەکانی ئەوروپادا پیاوی سپیپێستی "ئازاد" و خاوەن زەوی یان سەرمایە بوو. مافی دەنگدانی کرێکاران، ژنان، سوورپێستەکان و کەسانی لەم بابەتە، بەشێکی سەرەکی پێناسەی دیموکراسی پێک ناهێنن و لەگەڵیدا لەدایک نەبوون، بەڵکوو بەرەنجامی خەباتی حەقخوازانەی چین و توێژە جیاجیاکان بوو لەو کۆمەڵگە دیموکراتیکەدا کە لە ئارادا بووە. ئەو خەباتانەی کە لەژێر ئاڵای فیکری و سیاسیی بزووتنەوەکانی تردا، وەک بزووتنەوەی سۆسیالیستی، بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان، بزووتنەوەی دژی هەڵاواردنی نەژادی و میللی و شتی ترەوە، بە گشتی شێوەیەکی نادیموکراتیک و ناقانوونی چوونەتە پێشەوە. دووەم، دەستەواژەی دیموکراسی خۆی بە مانای تایبەتی وشەکە ڕێک وەکوو سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی، مەرج نییە لەگەڵ پەرەسەندنی دادوەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی، وە یان تەنانەت ئازادیی فەردی زیاتردا هاوتا بێت. دیموکراسی، سەربەخۆیی و شتی لەم بابەتە، ئەو قاڵبە سیاسی و ئیدارییە دیاریکراوانەن کە دەتوانن ناوەڕۆکی جیاجیا بگرنە خۆیان. ئەوە لە سەرەتاوە ئاشکرا نییە کە سەربەخۆیی بەنگلادیش یان لیتوانیا و تاژیکستان، وە یان باسک، هەر بە مانای پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی بووبێت، وە یان ببێت لەم وڵاتانەدا. ئەوە لە پێشدا ئاشکرا نییە کە کاتێک "خودی" کرواتەکان و سربەکان و بۆسنییەکان بەپێی ئەو نەخشانەی کە دیاریکراوە حوکوومەتی خۆیان دامەزرێنن، خەڵکانی مامناوەندی زیندەگییەکی باشتر، یان خراپتریان لەو جوگرافیایەدا کە پێشووتر نێوی یۆگۆسلاڤیا بوو دەبێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە زۆر حاڵەتی مێژووی هاوچەرخدا، وە لەوانە هەر ئەم سەردەمەی خۆشمان، ئەو خەڵکەی کە پێشووتر نیمچەمافێکی هەبوو لەژێر ئاڵای سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی و "حوکوومەتی خۆمان"دا لە دەستیان داوە. لەمەڕ دیموکراسیشەوە بە مانای تایبەتی وشەکە، واتە دیموکراسی بێ پێشگر و پاشگر، ئەم خاڵە هەر ڕاستە. ئەمڕۆ لە بەشی هەرە زۆری وڵاتە ئیسلامییەکاندا، هەر پەرلەمانێک زۆربەی خەڵک هەڵی بژاردبێ و هەر ڕیفراندۆمێکی جەماوەری، بە ئەگەرێکی یەکجار زۆرەوە، جێ و شوێنی ژن وەک هاوڵاتی پلە دوو، وە تەنانەت خراپتر لەویش، لە قانووندا جێگیر دەکات. ڕای گشتی و ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی ئەمەریکا و بەریتانیا، وە لە ڕاستیدا هەموو ئەورووپای دیموکراتیک، دەنگی بۆ لە شکرکێشی و مرۆڤکوژی لە کەنداو دا. نەوەت و چەند لە سەدی خەڵکی ئێران لە ڕیفراندۆمێکی گشتیدا، دەنگیان بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا دا و لە جەزائیریش خەریک بوو هەمان شت ڕوو بدات، کە لە کاتی خۆیدا پێشیان پێ گرت. پەرلەمانە ئازادەکان لە ئەورووپا، وە هەر ڕێفراندۆمێکی جەماوەری لەم وڵاتانەدا، ئەمڕۆ بە ئاسایی دەنگ بە پێشێلکردنی مافی سەرەتایی خەڵکی جیهان لە گواستنەوەی شوێنیان و شوێنی نیشتەجێبوونیان لە هەر شوێنێک کە ئارەزوویان لێ بێت دەدات. ئەم جۆرە بڕیارانە لەگەڵ مرۆڤدۆستی و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و حورمەتی مرۆییدا نایەتەوە، وەلێ لەگەڵ دیموکراسی و پرۆسەی دیموکراتیدا دێتەوە. دیموکراسی قاڵبێکی حوقووقییە بۆ پرۆسەی بڕیاردان، نەک شێواز و و پێوەرێک بۆ ناوەڕۆکی خودی بڕیارەکان.

دیموکراسی خۆی لە خۆیدا بە مانای حوکوومەتی خەڵکە و هەر وەک وتم، ئەم دەستەواژەیە لە بەرامبەر حوکوومەتە ئایینی و ئەریستۆکراتی و پاشایەتی و دواکەوتووەکاندا سەری هەڵدا. ئەوەی کە کۆمەڵگەیەک کە دیموکراسی تێیدا بەرقەرارە، چ تێڕوانینێکی بۆ ئازادیی تاکەکەس، دادوەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانی مرۆڤەکان، مافی مرۆڤ و شتی لەم بابەتە هەیە، ئەوە مەسەلەی خودی دیموکراسی نییە، بەڵکە ئەم مەسەلەیە بە کێشمەکێشی نەریتە فیکری و سیاسییەکانی چینە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانەوە لە کۆمەڵدا بەستراوەتەوە. بەشێکی زۆر لەو داواکارییانەی کە ئەمڕۆ دراونەتە پاڵ دیموکراسی، وەکوو سەروەریی یاسا، لەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ، ئازادییە مەدەنی و فەردی و گشتییەکان و شتی لەم بابەتە، خۆیان لە خۆیاندا هیچ پەیوەندییەکیان بە دیموکراسییەوە نییە، بەڵکوو کاریگەریی چەند مەیلێکی تایبەت و چەند نەریتێکی فیکری و سیاسیی تایبەت وەک، لیبراڵیزم یان سۆسیالیزمە.

**درێژەی دەبێت...**

# عەزیز شەریف: ڕۆشنە کە ئەوە هێزە دەرکیەکانن لەسەر هەرشتێك لەم هەرێمەدا مەترەح بێت بڕیار دەدەن...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەل هاوڕێ و هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست عەزیز شەریف سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان...

**بۆپێشەوە: سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای چوار مەرسوم بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان، پێنجەم مەرسومی بۆسازدانی هەڵبژاردنی هەرێم دەرکرد و بەرواری ٢٠/١٠/٢٠٢٤ دیاری کراوە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، سەرەتا دەپرسین، ئایا هیچ زەمانەتێک هەیە هەڵبژاردن لەو کاتەدا بکرێت؟**

**عەزیز شەریف:** سەرەتا بە سڵاو بۆ خوێنەرانی بۆپێشەوە دەستپێدەکەم. سەبارەت بەپرسیارەکەتان ئەم هەرێمە هیچ زەمانەتێکی نییە ئەوەی هەیە مەیدانێکە بەرژەوەندی هێزە دەرەکیەکان لەم مەیدانەدا یەکلای دەکاتەوە .

**بۆپێشەوە: مەرسومی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێم دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر و سەردانی بەغداو پاشان ئێران دەکرا، چۆن دەروانە ڕۆڵی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە لە پەیوەند بەهەڵبژاردنەکانەوە؟**

**عەزیز شەریف:** ئەگەر سەرنجی وەڵامی پرسیاری یەکەم بدەن بەجۆرێک وەڵامی ئەم پرسیارەشی تێدایە. بەڵێ ئێران یەکێ لەو دەوڵەتانەیە کە زۆرترین دەوری لە ساحەی سیاسی نەک کوردستان، بەڵکو ئێراق و ناوچەکەدا هەیە. هەربۆیە لەدوای بێنەوبەردەیەکی زۆر و سەردانی سەرۆکی هەرێم و دەرکردنی مەرسوم بۆ هەڵبژاردن ئێستا ئیتر وەڵامی پرسیارەکە ڕۆشنە کە ئەوە هێزە دەرکیەکانن لەسەر هەرشتێک لەم هەرێمەدا مەترەح بێت بڕیار دەدەن.

**بۆپێشەوە: هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان هەڵبژاردن بە تاکە ڕێگای چارەسەری کیشەکانی ناوخۆی هەرێم دەزانن، چۆن دەروانە ئەو بۆچوونە؟**

**عەزیز شەریف:** ئەگەر چاوێک بەمێژووی سی ساڵی ڕابردوی ئەم هەرێمەدا بگێڕینەوە ئەوا دەبینین کە هەمیشە و دائیم ئەم هەرێمە دەرگیری کێشە بووە. هەموو ئەو کێشانەش کێشەی دابەشکردنی بەشە کێک بووە و بە هەڵبژاردنەوە گرێیان داوە و لەدوای هەڵبژاردنیش دیسانەوە نەک کێشەکان چارەسەر نەبوون، بەڵکو قوڵتر بونەتەوە.

**ئەگەر چاوێك بەمێژووی سی ساڵی ڕابردوی ئەم هەرێمەدا بگێڕینەوە ئەوا دەبینین کە هەمیشە و دائیم ئەم هەرێمە دەرگیری کێشە بووە. هەموو ئەو کێشانەش کێشەی دابەشکردنی بەشە کێك بووە و بە هەڵبژاردنەوە گرێیان داوە و لەدوای هەڵبژاردنیش دیسانەوە نەك کێشەکان چارەسەر نەبوون، بەڵکو قوڵتر بونەتەوە.**

**بۆپێشەوە: وەکو ئاشکرایە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لە بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەغدادا، پاشەکشەی زۆری کردووە تا ئەو ڕادەیەی سەرانی حزبەکان نایشارنەوە، کە قەوارەی هەرێم لە بەردەم مەترسیدایە، ئایا هەڵبژاردن دەتوانێت وەڵامدەرەوە بەو دۆخە بێت، بەر بە مەترسیەکانی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمدا بگرێت؟**

**عەزیز شەریف:** واقیعەت ئەمەیە کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەگەورە و بچوکیانەوە نایشارنەوە کە پاشەکشی زۆریان لەبەرانبەر دەسەڵاتی ناوەندا کردوە و ئەم هەڵبژاردنەش ناتوانێت بەر بەدەسەڵاتی ناوەند بە سەر هەرێمی کوردسانانداا بگرێت. بەڵکو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمدا زیاتر دەبێت و ئێستاش بۆ ئەوەی خەڵک بەرنەوە سەر سندوقەکانی دەنگدان. بەشێک لە حیزبەکانی هەرێمی کوردستان باس لەمەترسی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمدا دەکەن و بەشێکیشیان لەژێر ناوی یەکسان کردنی موچەی خەڵکی هەرێم لەگەڵ خەڵکی ژێر دەسەڵاتی ناوەند بانگەواز بۆ ئەم گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندە دەکەن بەسەر هەرێمی کوردستاندا.

**حزبە دەسەڵاتدارەکان بەگەورە و بچوکیانەوە نایشارنەوە کە پاشەکشی زۆریان لەبەرانبەر دەسەڵاتی ناوەندا کردوە و ئەم هەڵبژاردنەش ناتوانێت بەر بەدەسەڵاتی ناوەند بە سەر هەرێمی کوردسانانداا بگرێت...**

**بۆپێشەوە: لە پێنج خولی هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا، دەستاو دەست پێکردنی دەسەڵات ڕوینەداوە هەرێم هەر دابەشی دوو زۆنی و دوو دەسەڵاتە" پارتی و یەکێتی" لاتان وایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت ئاڵوگۆڕێک بەدوای خۆیدا بهێنێت؟**

**عەزیز شەریف:** بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە بە چاو لەهەڵبژاردنەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا بکەین! لەوێ هەموو چوار ساڵ جارێک دەسەڵات لەنێوان دوو حیزبی گەورەدا بەم شێوەیە دابەش دەبێت یان لایەک لەلایەکان یان بەشەراکەت دەسەڵاتداری دەکەن. بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە کە ئایا هەڵبژاردن چی گۆڕیوە؟ چی بەقازانجی خەڵک بەرهەم هێناوە؟ دەکرێت لەوڵاتێک لەو وڵاتانەی دنیا ڕیفۆرمێکی بچوک (کە لەڕێی میدیاوە کراوەتە گرفتی گەورەی ژیان) لەژیانی خەڵک کرابێت و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیش ڕویدابێت. بەڵام کێشە گەورەکانی ژیانی خەڵک لەشوێنی خۆیان بوون، هەربۆیە (هیوادارم کەس بە لایەنگری دەسەڵاتداری ئەم دەسەڵاتە لێکدانەوە بۆ ئەم قسانەم نەکات) دەسەڵات ڕادەستکردنی ئەم حیزب بەو حیزبی تر نەک کێشەکانی ژیانی خەڵک چارەسەر ناکات، بەڵکو خراپ و خراپترییشی دەکات. من حەزدەکەم نمونەی دەستاو دەستکردنی حزیبەکانی ئەڵمانیای. بیست ساڵی ڕابردووتان بۆ دێنمەوە. حیزبی سوسیال دیموکراتەکان و سەوزەکان لە بیست ساڵ بەر لەئێستا دەسەڵاتیان لە حیزبی سوسیال مەسیحیەکان وەرگرت، یاسای سۆسیال و کاروباری کۆمەڵایەتیان سەرتاپا گۆڕی و ئەم گۆڕانکاریەش ئەوەندە بەقازانجی دەوڵەت و کۆمپانیاکان بوو لەدوای کەمترلە سێ ساڵ لەدەسەڵاتدارییان ناچار بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی بوونەوە و حیزبی سۆسیال دیموکراتەکان دەسەڵاتیان وەرگرتەوە، ئەم وەرگرتنەوەی دەسەڵاتە نەک ئاڵوگۆڕی لەو یاسایانەدا نەکرد کە سۆسیال دیموکراتەکان کردیان، بەڵکو شانزە ساڵ سۆسیال مەسیحیەکانی لەدەسەڵات هێشتەوە و درێژەیان پێدا! ئەوا بۆ دوو ساڵ زیاترە جارێکیتر سۆسیال دیموکراتەکان دەسەڵاتیان بەشەراکەت لەگەڵ چەند حیزبێکیتر لە سۆسیال مەسیحیەکان وەرگرتۆتەوە، بەڵام نەک هەر هیچ گۆڕانکاریەکی ئیجابی ڕوی نەداوە، بەڵکو ژیانی خەڵک لەدەورەی پێشو قورستر بۆتەوە! هەربۆیە من هیچ ئومێدێک لەسەر ئاڵوگۆڕ کردنی دەسەڵات هەڵناچنم.

**بۆپێشەوە: لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا سەرجەم حزب و لایەنە بەشدارەکان، دەیان بەڵین بە خەڵکی کوردستان دەدەن کە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و خزمەتگوزارییەکان باش دەکەن، کەچی دوای هەموو هەڵبژاردنێک دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان نەک باش نابێت خراپتر دەبێت، لاتان وایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت هیچ بار گرانیەک لەسەر شانی هاوڵاتیان لاببات؟**

**عەزیز شەریف:** بەجۆرێکی تر وەڵامی ئەم پرسیارەشم لەپرسیاری سەرەوەدا باس کردوە، بەڵام باوردتر لەبارەیەوە وەڵام بدەمەوە. وەکو لەسەرەوە باسم لە ئەنجامی هەڵبژاردن و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لەنێوان حیزبەکانی ئەڵمانیا کردوە نەک ژیانی خەڵک باشتر نەبوە، بەڵکو خراپتریش بووە، هەر ئاواش لە هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی باشتر بوونی ژیانی خەڵک ناکەم!

**بۆپێشەوە: تا چەندە لاتان وایە پارتی و یەکێتی، لە هەڵبژاردنەکاندا مل بەدوڕان دەدەن و دەسەڵات ڕادەستی هێزی براوە دەکەن؟**

**عەزیز شەریف:** ئەوە کە هیچ ئەوان خۆیان بە ئاشکرا وتوویانە ئەگەر یەک کورسیش بێنین دەسەڵات تەسلیم ناکەین! ئیتر چاوەڕوانیەک بۆ دۆڕانیان لەهەڵبژاردن و دەسەڵات تەسلیمکردن خۆش خەیاڵییەک زیاتر نەبێت هیچی تر نییە.

**بۆپێشەوە: تا هاتووە بەشداری کردنی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنەکاندا کەم بۆتەوە، هۆکاری بەشداری نەکردنی خەڵک چییە؟ لاتان وایە ئەمجارەش زوربەی زۆری هاوڵاتیان بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەن؟**

**عەزیز شەریف:** قسەیەک هەیە دەڵێت ئەگەر هەڵبژاردن شتێکی بگۆڕیایە ئەوا لەمێژ بوو قەدەغەیان کردبوو! دیارە کە بۆ من هەڵبژاردن هیچ ناگۆڕێت، بەڵام ئەوان بەدەزگای ئیعلامی گەورەوە هەموو ڕۆژێک خەڵک هان دەدەن بۆ ئاڵوگۆڕی ئەم وەزعە بەشداری هەڵبژاردن بکەن و بەتایبەتیش لەم دەورەیەدا لایەک لەلایەکانی هەڵبژاردنەکان بانگەواز و ئیدیعای ئەوەدەکەن ئەگەر دەنگیان پێبدەن مووچەی بەردەوامی مانگانە دەبێت و مووچە وەکو خەڵکی ژێر دەسەڵاتی ناوەند لێ دەکەن ڕەنگە بەشێک لەخەڵک بەرێتەوە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بەڵام هەرگیز ڕێژەی بەشداری خەڵک لەهەڵبژاردندا وەکو سی ساڵ بەر لەئێستا نابێت.

**بۆپێشەوە: ئەگەر خەڵک بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەن، دەبێ چی بکەن و بەدیلی هەڵبژاردن چییە؟**

**عەزیز شەریف:** ئەمە کێشەی هەموو خەڵکی دنیایە! چۆن؟ بەدرێژایی مێژووی هەڵبژاردن کە چەند سەدە زیاترە بوونی هەیە کراوەتە تاکە ڕێگەی ژیانی کۆمەڵگەکان! لەوەتەی سیستەمی هەڵبژاردن لەدنیادا بوونی هەیە چەندین ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بۆنمونە سەردەمانێک تەنها خاوەن موڵکەکان بۆیان هەبوو خۆیان هەڵبژێرن، یان تەنها پیاوان بۆیان هەبوو خۆیان هەڵبژێرن، دواتر ئاڵوگۆڕەکانی تریشی بەدوادا هات و تا گەیشتوە بەوەی ئەمڕۆ هەمووان دەیناسان. بەڵام با چاوێک لەم سیستەمە بکەین و بپرسین ئایا بەتەنها ئەم جۆرە دەسەڵاتدارێتیە دەناسن بۆ ڕێکخستنی ژیان؟ ئایان ناکرێت بیر لە جۆرێک دەسەڵاتدارێتی تر بکرێتەوە؟ هەڵبەتە هەم لە مێژوودا شێوە دەسەڵاتدارێتی تر بوونی هەبووە هەم دەکرێت شێوە دەسەڵاتدارێتی تر دابهێنین. بەڵام ئەمە تەنها بە کوردستانەوە پەیوەندی نییە و بەڵکو ئاڵوگۆڕێکە کە دەبێت لەشوێن و ناوەندی ترەوە بەرەو ئێرە پەل بهاوێت، دەکرێت پێچەوانەکەشی ڕاست بێت. بەڵام لە ئێستادا مرۆڤایەتی نەگەیشتوە بەمەی دەست بەرێت بۆ ئەڵتەرناتیڤی لەم جۆرە و ئەم ئاڵوگۆڕەی سیستەمی ژیان لە پەرلەمانیەوە بەرێت بۆ شێوازێکیتر لە خۆبەڕێوەبردن. بەڵام بەدڵنیایەوە ڕۆژێک دێت ئینسانەکان بە ناچاری دەستی بۆدەبەن و تەنها درەنگ و زوویی کەوتوە....

## درێژەی...لەسێدارەدانی ژنان لە ئێران: کوشتنی بەئەنقەست بە بیانوی دادپەروەری!

هاوکاری، پڕوپاگەندە دژی ڕژێم و فیتنە". تۆمەتبار کراوە. نەسیم لە دوو مانگی یەکەمی دەستبەسەرکردنیدا ڕێگەی پێنەدرا پەیوەندی بە بنەماڵەکەیەوە بکات، دوای پێنج مانگ توانی بۆ یەکەمجار لە بەشی ژنانی زیندانی ئەڤین چاوی بە خێزانەکەی بکەوێت.

لە دوو ساڵی ڕابردوو و دوای ڕاپەڕینی ژینا، چەند خۆپیشاندەرێکی وەک محەممەد مەهدی کەرمی، محەممەد حوسێنی، مەجیدرەزا ڕەهنەوارد و موحسین شێکاری بە تۆمەتی چالاکیی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی ئیس ئێعدام کران. شەریفە محەممەدی کە ڕۆژی ٥ی دیسامبەری ٢٠٢٣ لە شاری ڕەشت دەستبەسەر و بۆ زیندانی سنە ڕاگوێزرا. تۆمەتبارکرا بە ئەندامێتی لە "لیژنەی هەماهەنگی یارمەتیدان لە دامەزراندنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان"، کە چالاکیەکی یاسایی و گشتیی ئەم لیژنەیە بووە و لە ساڵی ٢٠١١ەوە تا ئێستا ئەندامی ئەم لیژنەیە نەبووە. هاوکات، مەحمود ساڵحی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی دەستەی هەماهەنگی، جەختی لەوە کردووە کە "ئەم لیژنەیە هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵەوە نییە".

شەریفە ماوەی ٨ مانگە دەستبەسەر کراوە و لەم ماوەیەدا مافی سەردانکردنی لێ زەوت کراوە و ماوەیەکی زۆرە لە ژووری تاکەکەسیدا بەسەر بردووە و تووشی ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی جۆراوجۆر بووە بۆ ئەوەی ناچار بە دانپێدانانی بکات. بۆیە زۆر کەس حوکمی لەسێدارەدان بۆ شەریفە محەمەدی بە هەوڵێک بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوە کرێکارییەکان و چالاکانی کرێکاری دەزانن کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا نارەزایەتی و مانگرتنی بەرفراوانیان ڕێکخستووە و بەشێکی زۆریان بە تۆمەتی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی دەستبەسەر و زیندانی کران. لەسێدارەدانی ژنان لە ئێران نموونەیەکی ڕوونی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤە کە پێویستی بە وەڵامدانەوەی دەستبەجێ و کاریگەر لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و چالاکوانانی مافی مرۆڤەوە هەیە. کوشتنی ژنانی لەلایەن حکومەتەوە نەک هەر چەوساندنەوە و هەڵاواردنی بونیادی لە دژی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا نیشان دەدات، بەڵکو بە ڕوونی کەموکوڕییە بنەڕەتییەکانی یاسا و سیستمی دادوەری ئێران نیشان دەدات. ئامارە ترسناکەکانی زیادبوونی ئێعدامەکان، لەوانەش لەسێدارەدانی ژنان، هۆشدارییەکە کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت. بەدیهێنانی دادپەروەری و مافی مرۆڤ لە ئێران تەنیا بە هاوکاری و هەوڵی دەستەجەمعی مومکینە. چالاکوانانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ گوشار بخەنە سەر حکوومەتی ئێران و پشتیوانی لە هەموو ئەو ژنانە بکەن کە لە ئێران مەترسی لە سێدارەدانیان لەسەرە. هەروەها پێشخستنی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە چیرۆکی ئەو ژنانە و ئەو هەلومەرجە سەختانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پێکهێنانی بزووتنەوەیەک بۆ دادپەروەری و مافەکانی ژنان.

**توانا محەممەد نوری**

**لە فارسیەوە کردویەتی بە کوردی**

## درێژەی...دیمانە لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود ...

کوردستان هەیە، لە پاڵ ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدا، دەست ببەن بۆ سازدانی کۆبونەوەی جەماوەری و وەریخستنی خۆپیشاندانی فراوان و سەراسەری.... چ لە ئاستی فەزای گشتی شارەکان و چ لەبەردەم یوئین و سەفارەتخانەی ولاتەکان و بەردەم بارەگای سەرەکی حزبەکان و خواستی کۆتاییهێنان بە ئۆپەراسیۆنەکان، خواستی چونە دەرەوەی بنکەو بارەگای سەربازی و جاسوسی، تەنانەت خواستی کردنە دەرەوەی سەفارەتخانەکانیان بەرز بکەنەوە. وە لە ئاستی دنیای دەرەوەدا، بەهەمان شیوە خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری تا دەگات گوشارهینان بۆسەر سەفارەتخانەکان و ناوەندەکانی بریاری وڵاتەکان، بەدژی ئەو داگیرکاری و دەستیوردان و ئۆپەراسیۆنانەدا بەدەستەوە بگرن و رای گشتی وڵاتانی دەرەوە لەدژی ئەو پیشێلکارییە سیاسی و حقوقییە، بەدەست بهێنن.

بە کورتی ڕێگای کارسازو کاریگەر بەدژی لە شکرکیشی و دەستیوردادنی ولاتەکان لە هەرێمدا، تەنها بزوتنەوەی لە خوارەوەی جەماوەری فراوانە کە دەتوانێت گوشار دروست بکات و دەستی ئەو وڵاتانە لە دەستیوردان و ئۆپەراسیۆن و لەشکرکیشی و کردەوە تیرۆریستیەکانیان بگرێت و حزبە دەسەڵات بەدەستەکانیش ناچار بکات، دەست لە خۆشخزمەتی و نۆکەرایەتی هەڵبگرن.

## درێژەی... چ مەشخەڵێك لە ئایدیا کوژایەوە چ دڵێك لە لێدان وەستا...

ڕووسیا «لە ژنێڤ، ساڵی 1894 بڵاوکرایەوە.

92 لینین، بەرهەمەکەی مارکس »تیۆرەکانی زێدەبەها «کە لە ساڵانی 1862 – 1863 نوسراوە، بە گوێرەی ئاماژەکانی ئەنگلس، بە بەرگی چوارەی »سەرمایە «ناو دەبات. ئەنگلس لە پێشەکی بەرگی دوەمی »سەرمایە «دەنووسێت: »دوای سڕینەوەی هەندێک لەو بەشانەی لە بەرگی دوەم و سێیەمدا باس کراون، دەخوازم بەشە ڕەخنەییەکەی ئەم دەستنووسە »)تیۆرەکانی زێدەبەها («وەکو کتێبی چوارەمی »سەرمایە «بلاو بکەمەوە ) .«کارل مارکس. »سەرمایە .(«بەڵام ئەنگلس دەرفەتی بۆ نەڕەخسا بەرگی چوارەی »سەرمایە «بڵاو بکاتەوە. بۆ یەکەم جار»تیۆرەکانی زێدەبەها «لە نێوان ساڵانی 1905_ 1910 بە ئامادەکردنی کارل کاوتسکی بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکرایەوە. لەم چاپەدا بنەما سەرەکییەکانی بڵاوکردنەوەی زانستی ڕەچاو نەکراوە و بەشێک لە دیدگاکانی مارکسیزم شێوێنراوە. بۆ یەکەم جار »تیۆرەکانی زێدەبەها») «سەرمایە .«بەرگی چوارەی) بەتەواوی لەگەڵ دەستنووسەکەی 1862 _ 1863 دا یەکدێتەوە، لەلایەن پەیمانگای مارکسیزم_ لینینیزمی لیژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتییەوە بڵاو کرایەوە.

93 نامەکەی ئەنگلس بۆ بیکەر لە ئۆکتۆبەری 1884.

94 مارکس. »یاسا گشتییەکانی کۆمەڵەی کرێکارانی ئەنتەرناسیۆنال «هەروەها پێشەکی چاپی ئەڵمانی »مانیڤێستی پارتی کۆمۆنیست «کە ساڵی 1890 بڵاوکرایەوە.

**تێبینی: ئەم وتارە لە کۆ بەرهەمەکانی لینین وەرگیراوە کە دەزگای ئایدیا چاپ و بڵاویکردۆتەوە و ئیمە جارێکی وەکو خۆی چاپ و بڵاومان کردەوە...**

## درێژەی دوا وتە

نە ئیران و نە ئەمریکا رەوتی روو لەپیشی پەیوەندییەکانیان ناکەنە قوربانی ئەم بەیەکدادانە لاوەکیانەی وەکو نوقڵانەی ڕێکەوتنێکی گەورەتر هەیانەو لە بەردەمیاندایە... مەسعود پزیشکیان چ لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و چ لەکاتی خستنە رووی کارنامەکەی چوار ساڵەی داهاتووی باشترکردنی پەیوەندیەکانی دەرەوەی وەکو یەکێک لە کارەکانی کابینەکەی خستە روو، ئەم پەیامە هێندەی روو لە ئەمریکا و غەرب، بوو لە دۆخی تازەدا، نیو ئەوەندە پەیوەندی بە پەرەدان بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەو دۆست و هێز و وڵاتانە نییە کە خۆی تیایدا کاراکتەرێکی کاراو خاوەن بڕیارە... ئایندەی ئیران و مانەوەی باڵادەستیەکەی لە ئاستی ناوچەکەو کارایەکەی وەکو جەمسەرێکی بەهێز لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەندە بە ئاساییکردنەوە یان خاوکردنەوەی گرژیەکانی لەگەڵ ئەمریکاو غەرب و لەبەرامبەردا بەرەسمی ناسینی پیگەکەیەتی لەلایەن ئەمریکا و غەربەوە لە واقعیەتی دنیا ئیستادا.

بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل کوشتنی هەنییە و سەرکردەکانی حەماس و حزب الله سەرکەوتنێکە، لە ناو شکستێکی بەردەوامدا بەرامبەر بە کیشەی فەلەستین و تەنانەت ئیسلامی سیاسی و حەماسدا. بەردەوامی جەنگی ئیسرائیل لەدژی فەلەستینیەکان و حەماسدا، لەلایەکەوە کیشەی فەلەستن و چارەسەری سیاسی کیشەکەی هیناوەتە سەر مێزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە ئاستی رای گشتیشدا پشتیوانی جیهانی زیاتری لە خەڵکی فەلەستین کردۆتە راستیەکی حاشاهەڵنەگر، هاوکات ئیسرائیلی لە ئاستی دنیا تەریک و پیگەی لاواز لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و گوزی وەشاندۆتە سەر بەژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەو لەهەموو ئەوانەش زیاتر بانگەشەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی ئەمریکا و غەربی کردۆتە کاریکاتۆرێک..

ئەمریکا و غەرب و ئیران بەگشتی کۆکن لەسەر ئەوەی جەنگی ئیسرائیل و حەماس، سنوردار و مەوداکەی فراوان نەبێت، دەوڵەتی ئیسرائیلیش شکستی خواردووە لەوەی کە بتوانێت لایەنی تری ناوچەیی لە جەنگەکە بگلێنێت، و خۆشی بە بەبێ پشتیوانی ئەمریکا و غەرب، توانای جەنگێکی فراوانی لەناوچەکەدا نییە، بۆیە چڕ کردنەوەی هەوڵەکانی بۆ کردەوەی ئاماجدارانەی سنوردار و تیرۆری سەرکردەکانی حەماس و حزب و الله، بە رێگایەک بۆ سەرکەوتن نیشاندانی خۆی لەناو شکستێکی فراوانتری لە ئاستی جیهانی ناوچەیی دەزانێت. کوشتنی ئیسماعیل هەنیەشە لە تاران، ناتوانێت هیچ کاریگەرییەکی کاریگەری لەسەر رەوەندی زاڵی روداوەکان بێت کە گرنگترینیان، رەوەتی خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان ئیرانە لەگەڵ ئەمریکا و غەرب و لەویشەوە گیرانەوەی رادەیەکی زۆرتر لە سەقامگیرییە بۆ تەواوی ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەراست، کە بۆرژوازی و جەمسەرە سەرەکیەکانی بەدوایەوەن لە ناوچەکەدا.

٣١/٧/٢٠٢٤

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ڕێبوار حەمە شەریف، بەندی عەلی، وریای ڕەسام، عەزیز شەریف، بەهار عەلی، جەمال نوری خالید بایەزیدی، کاوان قادر، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، توانا حەمە نوری، ڕوناک فەرەجی

دۆسیەی ژمارە "هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"؟

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

## دوا وتە

# ئیسماعیل هەنیە وەکو قوربانی بەرژەوەندییە گەورەترەکانی ناوچەکە!!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

کاتژمێر 2 ی بەرەبەیانی چوارشەممە 31 ی تەمووزی 2024، ئیسماعیل هەنیە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی حەماس لە تارانی پایتەختی ئێران لەگەڵ یەکێک لە پاسەوانە تایبەتەکانی بە مووشەک کرایە ئامانج و کوژران.

کوشتنی ئیسماعیل هەنییە، لەناو باوەشی جمهوری ئیسلامی و لە پایتەخی ئێراندا، دەشێت زۆر خویندنەوەی بۆ بکرێت. بەتایبەت کە لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوون و ڕێ و ڕەسمی مەسعود پزیشکیان دا، ئەنجام درا.

کوشتنی هەنیە لە تارانی پایتەختی ئێراندا و لەیەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونی مەسعود پزیشکیاندا، لەگەڵ ئەوەدا لە ئاستی ڕای گشتیدا، ئێران و دەزگا ئەمنیەکانی دەخاتە ژێر پرسیار. خودی پزیشکیان دەخاتە ژێر گوشارەوە. جیا لەوانە هاوکاری ئاشکرای باندی ناوخۆیی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل و لەو کردەوە تیرۆریستیەدا، دەخاتە ڕوو. هاوکات لەگەڵ ئەوانە ئیسرائیل دەست بۆ کردەوەیەکی ئاوا بەبێ ئاگاداری ئەمریکا دەست بۆ نابات. ئەمانە دیوی دەرەوەی سیناریۆی کوشتنی ئیسماعیل هەنیەیە. بەڵام دیوی دووەمی ئەم کردەوەی ئیسرائیل، گەورەتر لە چالاکیەک و کوشتنی ئیسماعیل هەنیەیە، ئەویش نیگەرانی دەوڵەتی ئیسرائیلە لە ڕەوتی هێوربوونەوەی پەیوەندی ئێران و ئەمریکا و ڕەوەندی زاڵی ڕوداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە سەرجەم لایەنە دەرگیرەکانی ناوچەکەو جەمسەرە سەرەکیەکانی، دەیانەوێت ناوچەکە بە ئاقاری ئارامیەکی ڕیژەییدا ببەن.

جەنگی ئیسرائیل لە دژی فەلەستینەیەکان لەدوای کردەوەی حەماس لە ٧ ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردووە، تا دەگاتە هێرشی هێزە نیابەتیەکانی سەر بە ئێران بۆسەر بنکەو سەربازگەکانی ئەمریکا و کاردانەوەی لێرەو لەوێی ئەمریکا بۆسەر گروپەکانی سەر بەئێران لە عێراق و سوریا و ناوچەکە... تا دەگاتە کوشتنی ئیسماعیل هەنییە..تاد هیچ کام لەوانە ئاماژە بۆ تێکچوونی زیاتری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە و بەرین بوونەوەی جەنگ لەناوچەکە نییە، بە پیچەوانەوە هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی نەخشەو دیزانێکی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەچنە پێشەوە و کە لایەنی سەرەکی تیایدا لەلایەکەوە ئەمریکا و لەلایەکی ترەوە جەمسەری ئێرانە.

دیارە کوشتنی ئیسماعیل هەنییە گوزێکی گەورەیە لە حەماسی ئیسلامی و لەوانەشە بەوێنەی کاردانەوەیەکی پاراستنی ئابروی سیاسی، حەماس و هێزە نیابەتیەکانی ئێران، چالاکیەکی و کردەوەی لیرەو لەوێ بۆسەر هێزەکانی ئەمریکا و یان ئیسرائیل ئەنجام بدەن، بەڵام

بۆ لاپەڕە 14

# جەنابی سەرکردەی مەزن



وا دەزانێت
ئێمە هەموو شیهابین و
بە دەوری هەسارەی منی
مەزنی ئەودا دەخولێینەوە!
وا دەزانێت
هەموو گەردوون بازنەیەکەو
منی مەزنی ئەویش
چەقی
سفری تەکوین و
ئەوانی تریش هەموو،
سەربازی
ون
! خەوتووی نێو گوێی گای
خەیاڵات ،
تراویلکە ناسی خەستەی
دەردی (تەنها من و هەر
من) پیاوی گچکە،
پیاوی داهۆڵ ،
پیاوی گرگن !!
جەنابی سەرکردەی مەزن!!

بەندی عەلی

## دوو بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای ڕەسام

